*Journal of Kurdish Literature*
Spring and Summer 2021
Vol. VII, No. 1, Series 11

***پژوهشنامه ادبیات کردی***
بهار و تابستان ۱۴۰۰
سال ۷، شماره ۱، پیاپی ۱۱

# سازدانی دژەبیرەوەری لە ڕۆمانی کوردیدا: خوێندنەوەی سێ بەرهەمی عەتا نەهایی

عوسمان هیدایەت[1]

نوع مقاله: پژوهشی
تاریخ دریافت: ۱۰ بهمن ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۱۵ شهریور ۱۴۰۰؛ صص. ۱۳۳-۱۱۵
DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2021.913

## پوختە

بە هۆی چەقبەستوویی سازدانی بیرەوەریی مێژوویی لەگەڵ ئیدیۆلۆژیی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەدا، سازدانی بیرەوەریی مێژوویی پەرەی سەندووە. دەوڵەت-نەتەوەکان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەستیان داوەتە سازدانی بیرەوەریی مێژوویی گشتگیر و کەمینە ئێتنیکییەکانیان بە تایبەت نەتەوەی کورد، بۆ بەرەنگاری، دژەبیرەوەرییان سازاندووە. بۆ باسکردن لەسەر سازاندنەوەی بیرەوەری و ئیستراتژییەکانی دژەبیرەوەری، کەڵکمان لە ڕوانگەی بیرەوەریی خەڵکیی ڕێبازی بیرمنگام و بیرۆکەی دژەبیرەوەریی فۆکۆ وەرگرتووە. پێش-گریمانەمان ئەوە بووە کە ڕۆمانی کوردی توانیویەتی ئەم سازاندنەوە بگرێتە ئەستۆ و بۆ ئەم مەبەستە لە مێتۆدی شیکاریی گێڕانەوەیی کەڵکمان وەرگرتووە. ڕۆمانی یەکەمی عەتا نەهایی، *گوڵی شۆڕان*، بە شێوازی ڕیالیستی و بە ستراتژیی خوێندنەوەی واقیعە سیاسییەکانی ڕابردوو بە نێونجێتیی ترۆماکان، ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لە بەرامبەر دەسەڵاتی نەخوازراو و کەڵکوەرگرتن لە فۆلکلۆر و بە هێماسازیی کەسایەتییەکان، باس لە ڕووداوگەلێک دەکات کە هاوکات لە نێوان شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی و لە کاتی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێراندا، بە سەر خەڵکی کورددا هاتووە و بوونە هۆی پچڕان و ئاڵۆزیی بیرەوەری لای ئەوان. ڕۆمانی دووەمی نەهایی، *باڵندەکانی دەم با*، باسی ئەزموونی بەرەیەک و ئەزموونی شکستەکانی دەکات. ئەم ڕۆمانە بە ستراتژیی وەبیرهێنانەوە بۆ سازاندنەوەی بیرەوەریی بەرەیەک و هەروەها ڕۆمانتیککردنەوەی لەحن بۆ پیشاندانی کارەساتی فەرامۆشی، لە بەرەیەک باس دەکات کە بە خولیاکانیان نەگەیشتوون و بیرەورییەکانیان فەرامۆش کراون. ڕۆمانی سێیەم، *گرەوی بەختی هەڵاڵە*، بە خوێندنەوەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و واقیعە سیاسییەکانی، سیاسیکردنەوەی فۆلکلۆر و کەڵکوەرگرتن لە چیرۆکە کۆنەکان و هەروەها، باسکردنی کێشەی پەنابەری و سازاندنەوەی مێژوو، دەیهەوێت ئەزموونێکی نوێ لە بیرەوەریی بەرەیی ساز بکات. لە ئەنجامدا، ئەم سێ ڕۆمانە بە سازدانی بیرەوەریی بەرەیی، دژەبیرەوەرییەک ساز دەکەن کە بیرەوەریی لەخوارەوە بۆ سەرە و، لە دژی بیرەوەریی ناسیۆناڵیزمی ئێرانی کە بیرەوەریی گشتگیری ساز کردووە و لە سەرەوە بۆ خوارە، دەوەستێنەوە.

**وشەگەلی سەرەکی:** بیرەوەریی مێژوویی؛ بیرەوەریی گشتگیر؛ دژەبیرەوەری؛ بیرەوەریی بەرەیی؛ ڕۆمانی کوردی.

## چکیده

به دلیل پیوند ساخت حافظه تاریخی با ایدئولوژی ساخت دولت‌ملت، ساخت حافظه تاریخی گسترش یافته است. دولت‌ملت‌ها به‌ویژه در خاورمیانه دست به ساخت حافظه تاریخی همه‌گیر زده‌اند و اقلیت‌های اتنیکی به‌ویژه ملت کرد، برای مقابله، به ضدحافظه دست زده‌اند. برای بحث کردن از ساخت دوباره حافظه و استراتژی‌های ضدحافظه، از دیدگاه حافظه مردمی مکتب بیرمنگام و ضدحافظه فوکو استفاده نموده‌ایم. مفروضه‌ی ما این بوده است که رمان کردی این بازسازی را برعهده گرفته است. بنابراین، از روش تحلیل روایت برای این امر استفاده نموده‌ایم. رمان *گل شوران* با سبک رئالیستی و با استراتژی‌های بازخوانی واقعیت‌های سیاسی گذشته به واسطه تروماهای موجود، مقابله مردم با حکومت تحمیلی و همچنین کمک گرفتن از فولکلور و نمادین کردن شخصیت‌ها، از حوادثی سخن می‌گوید که در میانه جنگ جهانی اول و دوم و همزمان با دولت‌ملت‌سازی در ایران برای مردم کرد رخ داده و این امر باعث آشفتگی و قطع حافظه نزد آنها شده است. رمان *پرندگان در باد* به تجربه یک نسل و تجربه شکست آن می‌پردازد. این رمان هم با استراتژی‌های یادآوری برای خلق دوباره حافظه نسلی و رمانتیک‌کردن فضا و لحن برای نشان دادن فاجعه فراموشی، از نسلی سخن می‌گوید که به آرزوهای خود نرسیده‌اند و به فراموشی دچار شده‌اند. همچنین رمان *شرط بستن بر سر بخت هلاله* به بازخوانی تاریخ کردستان ایران و واقعیت‌های سیاسی آن می‌پردازد. این رمان با سیاسی کردن فولکلور و استفاده از استعاره‌ها، ضد حافظه و همچنین، بحث کردن از مهاجرت و پناهندگی و ساختن دوباره تاریخ، می‌خواهد تجربه‌ای جدید از حافظه نسلی را بسازد. سرانجام، این سه رمان در پی خلق دوباره حافظه نسلی، ضد حافظه‌ای خلق کرده‌اند که این حافظه، از پایین به بالا و ضد حافظه ناسیونالیسم ایرانی می‌باشد.

**وشەگەلی سەرەکی:** حافظه تاریخی؛ حافظه همه‌گیر؛ ضدحافظه؛ حافظه نسلی؛ رمان کردی.

۱. دانشجوی دکتری، گروه جامعه شناسی، دانشگاه شیراز، شیراز، ایران
osmaanhedayat68@gmail.com

## ١- پێشەکی

بیرەوەری[١] بە هۆی کارکردەکانی لە دونیای هەنووکەدا و بۆ خوێندنەوەی ئێستا، پردێکە لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا. ئێستایەک[٢] کە لە حاڵی دروستبوون و ڕووخاندایە. پرۆبلماتیکبوونی[٣] ئێستایش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت. لە ئاستێکدا دەبێ لە سەر ئەو بابەتە ڕاوەستین و بۆ چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگاکان (دەوڵەتنەتەوەکان)، کەمینەکان (ئایینی، نەتەوەیی و هتد)، تاکەکان و هتد لە دۆخێکدا، بە پێی «قەیرانی بیرەوەری»[٤] ئاماژە بدەین. هەروا کە نۆرا دەڵێت: «ئێمە تا ئەو ئاستە لەسەر بیرەوەری دەدوێین کە هیچی لێنەماوەتەوە» (Nora, 1996: 1). ئەم دۆخە کە بە «قەیرانی بیرەوەری» دەناسرێت، لە جیهانی ئیمڕۆدا لە ناو کەمینەکاندا بەرچاوتر و گرینگترە؛ بە هۆی ئەوەی کە زۆرینەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتنەتەوەدا، کێشەیان بەچاو کەمینەکان کەمترە و توانایی سازدانی بیرەوەری بە نێونجێتیی مێژوونووسی، سازاندنەوەی هێما ئوستوورەییە کۆنەکان و سیستەمی پەروەردەیی و هەروەها توانایی سازدانی فەرهەنگی بنەڕەتییان هەیە. بەم شێوە ڕوانینەوە، کەمینەکان لە ژێر دەسەڵاتی زۆرینەکاندان و زۆرینەکان بەردەوام دەیانهەوێت فەرهەنگ و کۆمەڵگای کەمینەکانیان لە ژێر دەستدا بێت و بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بە سەریاندا بسەپێنن. دەوڵەتنەتەوەکان بە نێونجێتیی ئەوەی کە توانیویانە ڕۆڵێکی تایبەتیان لە دروستکردنی مێژوو و خوێندنەوەی مێژوو بە سازاندنی «بیرەوەریی دەستکرد»[٥] بە «جومگەبەندیی گوتاری»[٦]، لەم سەدەیەدا هەبێت، بە دژوارییی کەمترەوە تووشی ئەم دۆخە بوون.[٧]

ئەم دۆخە زۆرتر لەو دەوڵەتنەتەوانەدا سەری هەڵداوە و بەرچاوترە کە هەر لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەییاندا، تووشی گیروگرفت و چارەسەریی «تێکەڵکردنی کەمینەکان» بەتایبەت کەمینە نەتەوەییەکان، لە ناو دەوڵەتنەتەوەکان لە جۆگرافیای سازکراوی نوێدا بوون. بە واتایەکی دیکە، ئەم دۆخە بۆ ئەو دەوڵەتنەتەوانەی کە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ جیهانی مۆدێرن بە نێونجێتیی «مۆدێرنیتەی کۆلۆنیالیستی» بووە _ بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین_، هەم لە ئاستی تیۆریک و هەم لە ئاستی کرداریدا، پرۆبلماتیکتر بووە و هەرکام بە پێی ئەو دۆخەی کە تێیدا بوون، مامەڵەیان لەگەڵ کەمینە نەتەوەییەکانی ناو خۆیان کردووە. هەر بە هۆی ئەم کێشەوە بووە کە دەوڵەتنەتەوەکان بەردەوام بۆ ئەم مەبەستە بە دوای دروستکردنی «بیرەوەریی مێژوویی گشتگیر»[٨] بۆ خۆیان بوون و بیرەوەریی کەمینە نەتەوەییەکانیان بە سەربار، سەرەتایی و پێشمۆدێرن داناوە کە یان دەبێ بسڕدرێنەوە و پەرتەوازە بکرێن، یان لە ناو ئەو بیرەوەرییە مێژووییەی کە دەوڵەتنەتەوەی نوێ سازی کردووە، جێگایەکیان بۆ دابین بکرێت. بە واتایەکی دیکە، «ڕیتۆریکی ناسیۆناڵیستی»[٩] بوو کە دەستی بە پێناسەکردن، لابردن و تەنانەت بە «ئەویتر» دانانیان کردووە. ئەم ڕیتۆریکە هەڵقولاوی کۆلۆنیالیزمێک بووە کە دەوڵەتنەتەوەکان خۆیان هەم دەستپێکی بوون و هەم پەرچەکردارێک لە هەمبەر دەوڵەتە کۆلۆنییەکان بەتایبەت بریتانیا و فەرەنسەدا (اتابکی، ١٣٩٣؛ شولتسە، ١٣٨٩؛ Gregory, 2004؛ Owen, 2004).

---

[1] Memory
[2] Present
[3] Problematic
[4] Memory crisis
[5] Dummy memory
[6] Discourse Formation
[٧] سازاندنەوەی مێژوو بە شتگەلێ وەک مۆزە و شوێنگەلی مێژوویی، بەڕێوەبردنیساڵیادەکان بەتایبەت جەژنی ساڵیادی سەربەخۆیی و هتد، پیشان دەدرێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی سوبژێکتیویتەی نەتەوەیی لە ناو تاکەکان کە دەبێ خۆیان بە شارۆمەندی باژێری ئەو وڵاتە بزانن (هابزبام، ١٣٨٣).
[8] Pandemic collective memory
[9] Nationalism Rhetoric

بەم شێوەیە دەوڵەتنەتەوەکان دەستیان داوەتە دروستکردنی ئوستوورەی بەنەتەوەبوون (هابزبام، ۱۳۸۳). بەم شێوە ڕوانینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە کەمینەکان لە ناو دەوڵەتنەتەوەکاندا، نە سروشتی، هەمیشەیی و یەکگرتوو[۱۰]، بەڵکوو بە واتای «هەڵخستنی گوتاری»[۱۱] دێنە بەرچاو و دەبێ هەر وەکوو دروستکراوی «پلانێکی گوتاری»[۱۲] پیشان بدرێن کە لە ناو جومگەبەندیی گوتاریدا بە شێوەی هێژمۆنیک خۆیان بنوێنن (Owen, 2004).

بە هۆی ئەوەی کە کەمینە نەتەوەییەکان، بەر لە دروستبوونی دەوڵەتنەتەوەی نوێ، کۆمەڵگا و فەرهەنگی تایبەتیان بووە و هەروەها بنیاتنانی دەوڵەتنەتەوەی نوێ زۆرتر بە شێوازی سەپاندن و زۆرەملێ بووە بە سەریاندا (کە کۆمەڵگا و فەرهەنگی یەکگرتوو و نەتەوەیی دروست ببێت)، تێکەڵکردنی کەمینە نەتەوەییەکان لە ناو کۆمەڵگا و فەرهەنگی یەکگرتوو و نەتەوەییدا، بەتەواوی بە ئەنجام نەگەیشتووە (تاجیک، ۱۳۹۳). بەم هۆیەوە دەوڵەتنەتەوەکانی نوێ، دەستیان بردووەتە ناو بیرەوەریی مێژوویی و، خۆیان بە ڕەسەن و مێژوویی داناوە تاکوو بتوانن بەم چەشنە، کۆمەڵگا و فەرهەنگی یەکگرتوو و نەتەوەیی لە ناو ژیۆپۆلێتیکی نوێ پێکبهێنن (هابزبام، ۱۳۸۳). بە وتەی میزتاڵ، «بیرەوەریی مێژوویی، ڕێگایەکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی کە لە ناویدا پێناسەی کۆمەڵایەتی ساز بکرێت» (Misztal, 2003: 1). بیرەوەریی مێژوویی، یەکێک لە لقە خوێندنەوەییەکانە کە دەورێکی بەرچاو و فراوانی لە دروستبوونی پێناسەی نەتەوەییدا هەیە، هەم لە لای ئەو نەتەوانەی کە دەستیان کرد بە دروستکردنی دەوڵەتنەتەوە و هەم لە لای ئەو نەتەوانەی نەیانتوانی دەوڵەتنەتەوە پێکبهێنن و چوونە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتنەتەوەکانی دیکەوە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە کورد وەک یەکێک لە کەمینە نەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتنەتەوەی بۆ ساز نەکراوە و نەشچووە ناو ڕیزی دەوڵەتنەتەوەکانی دیکەوە، بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم ئیستراتژییە و بەتایبەت سازاندنەوەی بیرەوەریی مێژوویی گشتگیر لەم دەوڵەتنەتەوانەدا کردووە؟ بیرەوەریی مێژوویی بۆ کورد چۆن بووە و چ ئیستراتژییەکی بەکار هێناوە؟ گریمانەی سەرەکیی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە کورد (وەک نەتەوە) لەبەر ئەوەی دەوڵەتنەتەوەی نەبووە، نەیتوانیوە بیرەوەریی مێژوویی گشتگیر بۆ خۆی پێکبهێنێت. کەواتە نەشیتوانیوە مێژوویەکی نەتەوەیی یەکگرتوو دروست بکات. هەروەها، بڕوامان وایە کە ئەدەبیاتی کوردی بە هۆی ئەوەی کە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا و لە ناخی خەڵکەوە هەڵقوڵاوە و بەرهەم هاتووە _بە پێچەوانەی کاریگەریی دەربار و حکوومەت لە ناو ئەدەبیاتی دەوڵەتنەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا_ توانایی ئەوەی بووە کە لە مێژووی کورد و هاوکات بیرەوەریی نەتەوەیی بە زارێکی وێژەیی باس بکات. کەواتە، ئەدەبیات دەوری مێژوونووسییشی بۆ کورد گێڕاوە. ئێمە لەم بابەتەدا، دەمانەوێ لە ڕۆمانی کوردی وەکوو یەکێک لە دەقەکانی ئەدەبیات بۆ باسکردن لەسەر چۆنیەتیی دروستکردن و دروستکردنەوەی بیرەوەریی مێژوویی لە ناو کورددا کەڵک وەربگرین. بەم هۆیەوە دەبێ بپرسین کە ئەدەبیات و بەتایبەت ڕۆمانی کوردی بە چ چەشنێک بیرەوەریی مێژوویی کورد دروست دەکات؟ ئایا ئەدەبیات و بەتایبەت ڕۆمانی کوردی دەتوانێت ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ؟ یا بە واتایەکی دیکە، ئەدەبیات و بەتایبەت ڕۆمانی کوردی دەتوانێت ئیشی مێژوونووسین بۆ کورد بگرێتە ئەستۆ؟ بە گریمانەیەک لە سەر ئەم مژارە، ڕۆمانی کوردی باس لە چ شێوەیەک لە بیرەوەریی مێژوویی دەکات؟

---

[۱۰] بۆ نموونە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە ناو کتێبە مێژووییە ئێرانییەکاندا باسی لێکراوە بڕوانن بۆ کتێبگەلێک وەک: *تاریخ ایران باستان* نووسینی حەسەن پیرنیا، وەشانگەی نگە، ۱۳۸٦؛ *تاریخ جامع ایران* نووسینی دکتۆر توورەج دەریایی، دکتۆر ژالە ئامووزگار، دکتۆر بێهرووز زەڕینکووب، دکتۆر مەهشید میرفەخرایی، ۱۳۹٤و *تاریخ کامل ایران* نووسینی عەبدوڵڵا رازی.

[11] Discursive articulatory

[12] Discourse programmed

## ٢- بنەما تیۆریکەکان

فامی بیرەوەری، دروستکراوێکە کە هەمیشە جەخت لە سەر بارودۆخێکی خوڵقێنراو و هەروەها کارکردی بیرەوەری دەکات. فامی بیرەوەری، گرێی خواردووە بە فامی بارودۆخەکەی ئێستاوە، کە بەرهەمهێنانی ڕابردووە بە پێی چارەسەرکردن، سازپێژکردن و پێداچوونەوەی بابەتەکان. لێرەدا دەبێ باسی بیرەوەریی گشتی بە واتای «بیرەوەریی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا» بکرێت کە بیرەوەریی شایانی فام دەبێت، بەو واتایە کە بابەتێکە کە دەتوانێ ببێت بە ئۆبژەیەک[١٣] و چشتێک بۆ لێکۆڵینەوە. ئاڵۆزبوونی چەمکی بیرەوەریی گشتی، بەکارهێنانی لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا، شرۆڤە و پێناسەکردنە جۆراوجۆرەکان و بەربڵاویی ئەم واتایە و هەروەها زۆربوونی ترۆمۆلۆژیکییەکان و دەستەگەلێکی فراوان، تێکڕا بوون بە هۆی ئەوەی کە وەسفکردنی بنەڕەتیی بابەتێک بە ناوی بیرەوەریی گشتی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەند دەیە بە سەر سەرهەڵدانی ئەم لقە لێکۆڵینەوەییەدا تێدەپەڕێت، بەڵام هەنووکە بە ناونیشانی هەچەڵێک باسی لە سەر بکرێت. بەم شێوەیە دەتوانین بیرەوەریی گشتی وەک چەمکێک دابنێین کە «هێشتا بە دوای گەڕان بە شوێن مانادایە» (wertsch, 2002: 30_66). بەم چەشنە، ڕوانگەکان سەبارەت بە چەمکی بیرەوەریی گشتی، بیروبڕوای جیاواز دەخەنە ڕوو. چوار ڕوانگەی جیاوازی «بیرەوەری وەک ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی»، «ئێستاگەرایی بە خوێندنەوەی بیرەوەری»، «بیرەوەریی خەڵکی یان بیرەوەریی گشتی»[١٤] لە هەمبەر «دژەبیرەوەری»[١٥] و هەروەها ڕوانگەی «بیرەوەری وەک ڕەوتێکی پەیوەست بە گفتوگۆ»وە _بە کاریگەریوەرگرتن لە هابرماس[١٦]_ لە ئارادا هەن. لێرەدا ئێمە بە هۆی مەبەستەکانمان و بابەتەکانەوە، لە دوو ڕوانگەی «ئێستاگەرایی بە خوێندنەوەی بیرەوەری» و «بیرەوەریی خەڵکی یان بیرەوەریی گشتی و دژەبیرەوەری» بۆ خوێندنەوە و توێژینەوە لە سەر ڕۆمانەکان و بابەتەکەمان کەڵک وەردەگرین.

هابزبام و ڕەنجر،[١٧] کە ڕوانگەیەکی مارکسیستییان سەبارەت بە ناسیۆناڵیزم بووە؛ وەک داهێنانێکی بۆرژوایی سەدەی نۆزدە لە بیرەوەریی گشتییان ڕوانیوە کە یەکێک لە ئیشە هەرە گرینگەکانی بۆرژواکانی سەدەی نۆزدە و هەنووکەش بۆ دروستکردنی دەوڵەتنەتەوە بە نێونجێتیی بیرەوەریی گشتی بووە و دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە بیرەوەری لە ئێستادا واتای خۆی ساز دەکات. ئەم ڕوانگە کە بە ڕوانگەی «سیاسەتی بیرەوەری»[١٨]ش ناو دەبرێ، «بە میکانیزمی داهێنانی سوننەت و بەدابونەریتکردنی دەوڵەتی وەک ئامرازێک بۆ دروستکردن و سەپاندنی بیرەوەریی فەرمی بەکار دێت» (Misztal, 2003: 56). *هابزبام و ڕەنجر* لە کتێبی *داهێنانی سوننەت*دا،[١٩] ئاماژە بە سێ داهێنانی سەرەکی بۆ دروستکردنی پێناسەی نەتەوەیی لە ئەورووپا و دروستکردنی دەوڵەتنەتەوە دەکەن: یەکەم، دروستکردنی بەرەنگاربوونەوەیەکی سێکۆلار بۆ کەنیسەکانی پەروەردەکردن لە قوتابخانە کە لە ئامانجەکانی شۆڕشی فەڕانسە و کۆماریخوازەکان هەڵقوڵابوو. دووهەم، داهێنانی جەژنەکان و کۆبوونەوە گشتییەکان. سێهەم، دروستکردنی زۆرینەی پەیکەرە گشتییەکان (بە واتای بەهێماکردنیان) (Hobsbawm and Ranger, 1983). هەروەها بە هێماگەلێک وەک ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، جلوبەرگی نیزامی و هتد کە وەک هێمایەک دەبنە هۆی نیشتمانپەروەری و پێناسەی نەتەوەیی. بە واتایەکی دیکە، «داهێنانی سوننەت وەک ئامرازێک لە دەستی دەسەڵاتدایە بۆ خوڵقاندنی دامودەزگا حکوومییەکان، پیشاندانی سەمبۆلیکی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی و هەروەها بەکۆمەڵکردنی سیاسیی خەڵکەکەیان» (Misztal, 2003: 57).

---

[13] Object

[14] Popular memory

[١٥] (Anti-memory): مەکتەبی خوێندنەوە فەرهەنگییەکانی بیرمنگام (Birmingham) و بیر و بڕواکانی میشێل فۆکۆ لەسەر بیرەوەری و دژەبیرەوەری.

[١٦] فیلسوفی بەناوبانگی ئاڵمانی (Jyrgen Habermas, 1929)

[17] Hobsbawm and Ranger

[18] Memory politics

[19] The Invention of Tradition

هەر بۆ ئەم مەبەستە بوو کە هابزبام دەڵێت لە ناو ئەورووپادا «دەوڵەت تا ساڵی ۱۸۸٤ی زایینی، هیچ پێوەندییەکی بە نەتەوەوە نەبوو» (Hobsbawm, 1990).

ئەم ڕوانگەیە دوای گۆڕانکارییەکان تیۆریزە کرا، کە سیاسەتی دروستکردنی جڤاتی لە ناو دەوڵەتەکاندا ساز کرد؛ بە تایبەت بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە سیاسەتی نادیمۆکراتیکیان گرتە بەر و بیرەوەریی ئیدیۆلۆژیکیان سازاند و کۆنترۆڵیان کرد. ئەم دۆخە، سازکردنی بیرەوەری لە_سەرەوە_بۆ_خوارەوە بوو و سڕینەوەی ئەو گیروگرفتانەی کە هەڕەشە بوون بۆ سەر دروستکردنی بیرەوەریی فەرمیی ڕابردوو (وەک نموونە: دەوڵەتی نازیسم لە ئاڵمانیا و فاشیسم لە ئیتالیا). ڕوانگەی بیرەوەریی خەڵکی کە لە ژێر کاریگەریی واتایی بیرەوەریی گشتی و دژەبیرەوەریی میشێل فۆکۆ[20] و هەروەها تیۆرییە فەرهەنگییەکانی خەڵکیی مەکتەبی بیرمنگام کە لە سەر بنەمای فەرهەنگی خەڵکی پێکهاتووە، وەک ڕوانگەی ئێستاگەرایی لە هەمبەر سوننەتدا؛ لە سەر ئەم گریمانەیە کە وەبیرهێنانەوەی ڕابردوومان ئامرازە و لەسەر قازانجی ئێستاماندایە و، سیاسەتی بیرەوەریی ئاڵۆزگەرایانە، کاریگەرە (Misztal, 2003: 56). ئەم ڕوانگەیە بەپێچەوانەی ڕوانگەی ئێستاگەرایی کە ئیدیۆلۆژیی درۆیینە و بۆ زاڵبوون و گرتنەدەستی دەسەڵات کار دەکات، لە_خوارەوە_بۆ_سەرەوە و لە ناو خودی کۆمەڵگاوە دێت و دەبێ لە ناو تەواوی کۆمەڵگادا تەشەنە بکات.

فۆکۆ لە *کەونینەناسیی زانست*[21] جیاوازیی مێژووی کۆن و مێژوویەک کە خۆی بڕوای پێیەتی، لە ناو دوو چەمکی «مێژووی گشتگیر» و «مێژووی گشتی یان خەڵکی»دا باس دەکات. مێژووی گشتگیر لە واقیعدا، بەرەوڕووی ئەوە دەبێتەوە کە تەواویی ڕووداوەکان لە ناو پلانێکی گشتگیر و لە بازنەی هێڵێکی تایبەت وەک ڕۆحێک یان ڕوانگەیەکی گشتیدا، بەتەواوی بخولقێنێت و وەکوو ئێپیستمەیێک[22] لە ناو قۆناغێکی تایبەتی مێژوویيدا، خۆی بنوێنێ. بەڵام لە ناو مێژووی گشتی یا خەڵکیدا بە هێنانەوەی چەمککەڵێک وەک دابڕان، پچڕپچڕکردن، کاتگەلی جیاواز و هتد، کەشی پەرتەوازەیی بڵاو دەکاتەوە (فوکو، ۱۳۹۲: ۱۹_۲۰). *فۆکۆ* بە کاریگەریوەرگرتن لە ڕوانگەی نیتشە[23]، لە ناو وتاری «*نیتشە*، ڕەچەڵەکناسی و مێژوو»[24]دا بەم جۆرە ئاماژە بەم شێوە بیرکردنەوەیەی سەبارەت بە مێژوو دەکات: «ڕێزگرتن لە ئاسەوارەکان دەبێت بە گاڵتەیەک، ڕێزگرتن لە بەردەوامیی مێژووی کۆن دەبێت بە دابڕانێکی سیستماتیک و هەروەها ڕەخنە لە نادادپەروەرییەکانی ڕابردوو، دەبێت بە بنەمایەک کە هەنووکە لە دەستپێکیدا دەبێت بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سووژەی زانست، لە سەر بنەمای نادادپەروەریی تایبەتیی ئیرادەکردن لە زانیندا» (فوکو، ۱۳۹۳: ۱۷۳). لەم ڕوانگەوە دەتوانین باس لە بیرەوەرییەک بکەین کە ئەو وەستان[25] و دابڕانانە بخاتە ڕوو کە «کەڵەکەبوونی نەبڕاوەی مەعریفەکان[26] دەخەنە حاڵەتی هەڵپەساردن و لە پەرەسەندنیان دادەبڕێت و سەرلەنوێ دروستیان دەکاتەوە. هەروەها ئەمە لە سەرچاوەی دروستبوونیان و لە ساتە سەرەتاییەکانیان دووری دەخاتەوە و لە هاودەستیی خیاڵاوییان دەسڕێتەوە» (فوکو، ۱۳۹۲: ۱۱). *فۆکۆ* لە کتێبی *زمان*، دژەبیرەوەری *و پراکتیس*[27] بە ڕوونی باسی چۆنیەتیی دروستبوونی دژەبیرەوەری دەکات کە چۆن بە نێونجێتیی زمان، کردار و پراکتیس ئەخولقێنێت. *فۆکۆ* دەڵێت: دژەبیرەوەری لە بەرانبەر بیرەوەریی ئیدیۆلۆژیکدا دەوەستێتەوە و کێشەی بۆ دروست دەکات؛ گێڕانەوەی زاڵی بیرەوەریی گشتگیر دەخاتە گومانەوە و ناکۆکی و نەگونجاویی ئەو دەخاتە ڕوو. بەم چەشنە، زمان کە گرنگترین ئامرازی گێڕانەوەی بیرەوەرییە، لە خوڵقاندنی تەواویی بەسەرهاتەکاندا ناکام دەبێت و درز[28] دەخاتە ناو گوتاری ئیدیۆلۆژیکەوە. لە بەرانبەردا، دژەبیرەوەری بەپێچەوانە و، لە ناو

[20] Foucault Michel
[21] The Archaeology of Knowledge
[22] Episteme
[23] Nietzsche
[24] Nietzsche, Genealogy and History
[25] Pause
[26] Infinite accumulation of cognitions
[27] Language, Counter-Memory, Practice
[28] Gap

درزەکانی ئەودا بە ستراتژی[٢٩] و تکنیک و تاکتیکگەلێک، بیرەوەری دروست دەکاتەوە. خاڵی بەرچاو لەم باسەدا ئەوەیە کە فۆکۆ دەڵێت بیرەوەریی زاڵ و گشتگیر، بە هۆی پێوەندیی نێوان «هێز» و «زانست»ەوە دروست دەکرێت و زمان و گێڕانەوەش لەم پێوەندییەدا خۆیان دەردەخەن و بیرەوەریش ساز دەکەن. بەم چەشنە دەتوانین بڵێین کە دژەبیرەوەری بێجگە لەوەی کە لە ناو ئەم پێوەندی و بازنەدا ناگونجێ، هەوڵ دەدات کە بیرەوەریی ڕاست و دروستتر ساز بکات کە ئیدیۆلۆژیک نەبێت و بتوانێ باسی ئەو شتە بکات کە لە واقیع نزیکترە و شرۆڤەی بدات و ئامرازی «نواندنەوەی»[٣٠] دەنگی خەڵک بێت لە هەمبەر دەسەڵاتی زاڵ و چەوسێنەردا (Foucault, 1977).

لەم لێکۆڵینەوەدا، بۆ باسکردن لەسەر سازاندنەوەی بیرەوەری و ئیستراتژییەکانی دژەبیرەوەری کەڵک لە ڕوانگەی بیرەوەریی خەڵکی و دژەبیرەوەریی *میشێل فۆکۆ* وەردەگرین تا بەڵکوو بتوانین بە دەرهێنانی چۆنیەتیی گێڕانەوەی مێژوو لە ناو ڕۆمانی کوردیدا، باس لە دەنگ و پێگەی چینی بندەست بکەین. هەروەها بە لەبەرچاوگرتن و کەڵکوەرگرتن لە ڕوانگەی ئێستاگەرایی، باسی مێژوویی و سەرهەڵدانی چۆنیەتیی بابەت، بوونی بیرەوەری و سازاندنەوەی بیرەوەری بۆ کوردەکانی ئێران، بە نێونجێتیی ڕۆمان، هەر لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەی دروستکردنی دەوڵەتنەتەوەوە بکەین.

## ٣- مێتۆد

مێتۆدی شیکاریی گێڕانەوەیی[٣١] لە مێتۆدگەلی لێکۆڵینەوەی چۆنایەتییە کە لە خوێندنەوەی وتارەکان و کردەوەی مرۆڤەکان لە ناو بابەتێکی لایەنگرانەوە دەست پێدەکات. هەروەها «شیکاریی گێڕانەوەیی بە شێوەیەکی تایبەت لە نەزمی زنجیرەیی و وتارێکی هاوچەشنە کە بە نیازی شرۆڤەدانانەوە دەست پێدەکات؛ دوای ئەمە کە پیشان درا پاژێک لە گێڕانەوەیە کە شیکاریی بۆ دەکرێت. گێڕانەوەکان بە هۆی دیمانە گێڕانەوەییەکانەوە ساز دەبن و کۆ دەکرێنەوە تاکوو بتوانین بە نێونجێتیی ئەوان، بەسەرهاتی ژیانی تاکەکان دروست بکەینەوە» (فلیک، ١٣٩٢: ٣٦٨). لێرەدا لە بەچیرۆک-کردنی گێڕانەوەکانەوە، بەسەرهاتی ژیانی تاکەکان دەخرێتە بەر باس. بەڵام لێکۆڵینەوەی گێڕانەوە، باسی ئەو چەمکانە ناکات کە تاکەکان لە سەری دەدوێن و، مێتۆد و شێوەی باسکردن نادۆزرێتەوە؛ بەڵکوو ئەم چەشنە، ئەوە پیشان دەدات کە چۆن زمان دەربڕ و پیشاندەری جیهانی کومەڵایەتیی مرۆڤەکانە و هەروەها پێناسەی کومەڵایەتیی ئەوان وێنا دەکات. چیرۆکەکان (چ بە شێوەی هۆشیارانە و چ بە شێوەی ناهۆشیارانە) چەمک و ڤەخۆگرتنەکان، بیروبڕواکان و بایەخگەلێکی کاتی و شوێنیی نیشتەجێیی و پێناسەیی شکڵگرتوو، ئاشکرا دەکەن (نعمتیان و همکاران، ١٣٩٤).

شیکاریی گێڕانەوەیی، پچڕاوی، ئاڵۆزی و ململانێکان و دووبەرەیی[٣٢] قەبووڵ ناکات. چوونکە گێڕانەوەکان دەبنە مێژووی سووژەکان و دەبنە پیشاندەری پتەوی و نەداریی هەستەکان، ئەندێشەکان و بەسەرهاتی مرۆڤەکان. هەروەها یارمەتیی دروستکردنی پێناسە و واقیعە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن و تەنانەت دەبنە هۆی گۆڕان. بەم هۆیەوە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو گێڕانەوانە دەکرێت کە پێکهاتەی خوڵقێنەری واتاکانن (طلوعی و خالق‌پناە، ١٣٨٧). ئیدی گێڕانەوەکان بە یەکەمین شێوەی دروستکردنی بەوتارکردنی بەسەرهاتی تاکەکان دادەنرێن (Polkinghorne, 1988: 1) و، لە ئەنجامدا ڕێگایەکن بۆ دەربڕینی واتایەک کە پێویستە سەرلەنوێ شرۆڤە بکرێتەوە.

لێرەدا بە باسکردنی ئەو چەمکانە لە ناو ڕۆمانەکاندا و بە نێونجێتیی ئەمانە، لە ئەوپەڕی خودی ڕۆمانەکەش دەدوێین و شیی دەکەینەوە. بە واتایەکی دیکە، لە ناو ڕۆمانەوە دەڕۆین بۆ دەرەوەی ڕۆمان و لە دەرەوەی ڕۆمانەوە دێینەوە بۆ ناو ڕۆمان و لە سەریان دەخوێنینەوە. بە واتایەکی تر، تاکتیکی شیکاریی نێواندەقی و ئەوپەڕدەقی (دەرەوەی دەقی)

---

[29] Strategy
[30] Representation
[31] Narrative Analysis
[32] Duality

بەکار دێنین تاکوو بتوانین لە بەستێن[۳۳]ی ڕووداوەکان، واتاکان و وشەکان بە ڕواڵەتێکی بەرچاوترەوە باس بکەین. بەم شێوە، خوێندنەوەی ڕووداوگەلی گرنگ و واقیعە سیاسییەکان لە زاری خەڵکی لە ناو ڕۆمانەکان، لە هەمبەر خوێندنەوەی ئەم واقیعانە بە نێوەنجیی وتارگەلێک کە پاڵپشتیی دەسەڵاتەکان دەکەن، دادەنین و بەم جۆرە ڕکابەریی گوتاری دوو خوێندنەوەی جیاواز دەخەینە ڕوو. لە ناو شیکاریی ڕۆمانەکاندا، بە پێڕەوی لە ژێنێت (Genette, 1980)، بە پێداگری لە سەر سێ چەمکی «کات»، «لایەنگری» و «لەحن یا چۆنیەتیی وتن»، گێڕانەوەکان بۆ چۆنیەتیی گێڕانەوە و شرۆڤەی جیهانی گێڕانەوەیی و هەروەها گێڕانەوەیەک کە نواندنەوە مەیسەر دەکات، بەکار دێنین. بە هۆی ئەمانەوە دەمانەوێت ئیستراتژییەکانی دژبیرەوەری لە ناو ڕۆمانەکاندا تاوتوێ بکەین.

## ٤- لێکدانەوە

ڕۆمانەکانی *گوڵی شۆڕان* (١٣٧٧)، *باڵندەکانی دەم با* (١٣٨١) و *گرەوی بەختی هەڵاڵە* (١٣٨٦)، نووسینی عەتا نەهایی، بابەتەکانی توێژینەوەی ئەم وتارەن کە لە سەر دەرهێنانی دژبیرەوەری و شێوەی خوڵقاندنیان، باس دەکەین. بۆ شیکردنەوە و چۆنیەتیی باسکردن لە خوڵقاندنیان، ئیستراتژییەکان و هەروەها تکنیک و شێوەی گێڕانەوەیان دەردێنین و بە نێونجێتیی خودی وتارەکان، ڕوو دەکەینە دەرەوەی ڕۆمانەکان و شرۆڤەیان دەکەین.

ڕۆمانی *گوڵی شۆڕان* باسی بیرەوەریی بەرەیەک دەکات کە لەگەڵ ڕووداوەکانی شەڕی ڕووس و عوسمانییەکان لە کوردستان و هەروەها دامەزراندنی کۆماری کوردستان و ڕووداوەکانی دوای ڕووخانی کۆمار هاوکاتە. ڕۆمان بە شێوەی جیاواز لە گێڕانەوەکانیتر، باس لە بیرەوەریی خەڵکێک دەکات کە بەسەرهاتی واقیعە سیاسییەکان و ڕووداوەکانی شەڕ و هتد لە خۆ دەگرێت. شێوەی باسکردن، بەم جۆرەیە کە لەهکۆتاییەوە بۆ سەرەتای ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە و بە تکنیکی «گەڕانەوە بۆ دواوە»[٣٤] دەیهەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانە کە ڕووداوەکان خوڵقاون. چۆنیەتیی دەربڕینی دەنگ و ڕەنگی فەزا، بە کەسایەتییە بەشدارەکان و کەشوهەوای شەقام، ماڵەکان و درەختەکان و هتد، خۆی دەردەخات. ئەم فەزایە کاتی ڕووداوەکانیش دەخاتە ڕوو، کە پاش شەڕی ڕووسەکانە لە ناوچەکەدا و دوای شەڕی یەکەمی جیهانییە کە مێژووی باندەستی و زاڵ یان بێبایەخانە تەواشای کردووە یا بە لاریدا چووە. بۆ ئەم مەبەستە، دەمانهەوێ چۆنیەتیی ڕووداوەکان و شێوە و ئیستراتژیی چۆنیەتیی باس کردنیان لێکبدەینەوە.

**٤-١- خوێندنەوەی واقیعە سیاسییەکانی ڕابردوو بە نێونجێتیی ترۆماکان:** ڕۆمان بە تکنیکی «گەڕانەوە» باسی ڕووداوگەلێک دەکات کە مێژووی نەتەوەیەکن؛ بەرەیەک کە تووشی ترۆمای شەڕی عوسمانییەکان و ڕووسەکان هاتوون. ڕۆمان لە زمانی دایە گوڵێی دایکی لاسەوە، بەم چەشنە لە سەرئەنجامی کارەساتەکە دەدوێت: «بۆ بەیانیدا، یان هەر ئەو ڕۆژە، قزسوورە چاوشینەکان بۆ دامرکاندنەوەی چڵێسییەکانیان لە ئۆردووگاوە بەرەو کۆڵانەکانی شار ڕێچکەیان بەست و دەرکەی ماڵانیان شکاند. کارێکیان کرد کە ساڵەها لەوەدوایش خەڵک لە ڕوویان نەدەهات ڕاستیی ڕووداوەکان بگێڕنەوە. تەنیا لەبەر خۆیانەوە هەناسەیێکی قووڵیان هەڵدەکێشا و دەیانگوت: باش بوو زوو بڕیاریان دا ئاگر لە شار بەر بدەن» (نەهایی، ١٣٩٤: ٢٠). شەڕی ڕووسەکان دوایی نەهاتووە، ترۆمایەکی دیکەی ئەمجارە نەتەنیا نیزامی بەڵکوو فەرهەنگی، لە چوارچێوەی «نوێکردنەوەی زۆرەکی»[٣٥] لە ناو ئێراندا دەست پێدەکات و بەهاتنە سەر کاری حکومەتی پەهلەویی یەکەم (ڕەزا شا)، لە ناوچەکەدا بە شێوازی جۆراوجۆر، گوشاری فەرهەنگی و زمانیٔ تا کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و هتد، خۆی دەنوێنێت. ڕۆمان بە ئاماژە بەم ترۆما سیاسی و فەرهەنگییەخەڵک لە بەر انبەر

---

[33] Context

[34] flashback

[٣٥] تجدد آمرانه

حکومەت و پلانەکانیدا دادەنێت کە هەچەڵێکە لە بەرانبەر بارودۆخە داسپاوەکەیاندایە. ترۆمای سێهەم، ڕووخانی کۆماری کوردستانە (هەمان: ١١٢ و ١٥٩). لە ناو بەرهەمە مێژوویییەکانی ئێراندا باسی ئەم سێ ترۆمای سەبارەت بە کوردستانە ئەگەر کراوە یان زۆر کورتە، یان بە لادان لە ڕاستییەکانە (دوایی باسیان لێ ئەکەین). ڕۆمان بە نێونجێتیی ترۆماکردنی ڕووداوەکان باسیان لێ دەکات.

**٤-٢- ستراتژیی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لە هەمبەر دەسەڵاتی نەخوازراودا:** ڕۆمان لە قۆناغێکی هەستیاردا، باسی مێژووی نەتەوەیەک دەکات[٣٦] کە بە خولّقاندنی ڕووداوەکان تووشی بەرگرێکی نەخوازراو هاتوون. ڕۆمان باسی داگیرکردنی شاری بانە بە دەستی ڕووسەکان و ئاوارەیی بنەماڵەی وسوو ئاغا و خەڵکی دیکەی شار دەکات و کۆبوونەوەی کەڵەپیاوان و خانەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ بەرگری لە ژێر ناوی ئیستراتژیی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی پیشان دەدات (هەمان: ١٨-١٩). ڕووداوی دووهەم کە ڕۆمانەکە پێداگریی زۆری لەسەر دەکات بەم چەشنەیە:

> «یەکەم نیشانەی ئەو نەفرەتە کە لە دوای شێتبوونی نازدار لە گیانی لاس [پاڵەوانی ڕۆمانەکە]دا هێلانەی کرد، تفێک بوو لە خەیاڵیدا کە لە ناو چاوانی حسەین ئاژانی کرد. «تف بێشەرەف»! لەوەدوا هەرچی تەمەنی هەڵدەکشا، ڕوخساری حسەین ئاژان لەو قاپە نەفرەتەی بەرچاوی کاڵتر دەبوویەوە. ئەوەی لە چوارچێوەی قاپەکەدا دەما، باڵای پیاوێک بوو بە جلوبەرگی حکومەتی و تەپلەی شێر و خۆر نیشانەوە. ئەمنییەیەکی بێڕوخسار کە لەو کاڵەوەبوویییەدا دەردەکەوت. بەو پێیە نەفرەتەکەی لاس، هەموو پیاوانی حکومەتی دەگرتەوە. ئاژان، گرووبان، سەروان و تەنانەت ڕەزاشای چاوبزی سمێڵقیتیش کە وێنەی بە سەر یەکەمین لاپەڕەی هەموو کتێبەکانەوە بوو. حکومەتێک کە میکرۆبی کوشندەترین نەخۆشیی بە شاردا بڵاو کردبوویەوە. ترس، لە پادگانی سەرچاوەوە، بە دەمارەکانی شاردا، بە ڕاستەشەقامە خۆڵینەکە و بە کۆڵانە تەسکەکان بۆ حەوشە و حەساری ماڵەکان و بە ناو دڵی یەکەیەکەی دانیشتووواندا بڵاو دەبوویەوە؛ ترس لە گرتن، لێدان و کوشتن؛ ترس لە بێئابڕوویی و شێتکردن. ئەو ئەزموونە تاڵە، جیهانەکەی لاسی مێرمنداڵی بەقەدەر گەورەیی شارەکە هەراو کردبوو؛ شارێکی چۆڵ، خامۆش و خەمبار لە ژێر سێبەری ڕەشی تفەنگ و هەڕەشە و ئەمرە بەرەودواکانی حکومەت؛ تفەنگ بۆ کوشتن و پاراستنی سێبەرەکەی؛ هەڕەشە بۆ بەڕێوەبردنی ئەمرەکان. ئەمری داکەندنی جلوبەرگی کوردی و لەبەرکردنی ئەلمودە، ئەمری دەستهەڵگرتنی خەڵک لە خوو و خدە و دابونەریتیان». (نەهایی، ١٣٩٤: ٤٧-٤٦)

ئاماژەدانی ڕۆمان بە سەپاندنی زمان و فەرهەنگی فارسی (هەمان: ٣٩) و هەروەها ئەشکەنجەی خەڵکی (هەمان: ٤٨) و سەقامگیریی ناڕەوای سیاسی و هتد، هەموویان باس لە «نوێکردنەوەی زۆرەکی»ی کاتی دەسەڵاتداریی ڕەزا شای پەهلەوی دەکەن لە ناوچەکەدا. یاسای پۆشینی زۆرەملێی جلوبەرگی ئەورووپایی لە ئێران و هەم لە تورکیایش، نموونەی بەرچاوی نوێکردنەوەی زۆرەکی بوو کە لە ئێران «لە نیوەی مانگی گەلاوێژی ١٣٠٦، دەوڵەت بڕیاری دا کڵاوی پەهلەوی کە لە شێوەی کڵاوی کۆپیکراوی فەڕانسەیی بوو، وەک کڵاوی فەرمیی پیاوانی ئێرانی بناسێنێت. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ سەپاندنی یاسای خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ و بەنەریتیکردنی دامودەزگای دادپەروەری، کە هەمووی ئەمانە بوون بە هۆی نائارامیی گشتی لە وڵاتی ئێراندا» (اتابکی، ١٣٩٣: ١٩٥). بەم چەشنە دەتوانین ئەم بابەتانە وا بخەینە ڕوو کە بیرەوەریی مێژوویی گشتگیر، مانایەکی نوێیە بۆ ئەم ستراتژییە کە دەوڵەتنەتەوە نوێیەکان بە شێوەگەلێک (لێرە زۆرتر مەبەست ئێرانە)، دەیهەوێت باسی سازدانی مێژووی زاڵ بکات و هاوکات بیرەوەرییەک دروست

[٣٦] چونکە سەرەتای پێوەندیی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەت کوردستان لەگەڵ دونیای مۆدێرن و دروستکردنی دەوڵەتنەتەوە بووە و، خۆیان بەم هەلومەرجە و لە ناو ئەم بارودۆخەدا ناساندووەتەوە.

بکات که لەگەڵ ئەم شێوازە مێژووە تەبا بێت (تاجیک، ۱۳۹۳: ۱۲-۱۳). لەم بارودۆخەدا بوو کە بنەڕەتی گوتاری ناسیۆناڵیزمی ئێرانی دەستی پێ‌کرد. «دەستپێکە بنەڕەتییەکانی سازاندنی نەتەوەی ئێرانیی نوێ، بریتین لە زمانی فارسی، ڕەگەزی ئاریایی، مێژووی هاوبەش، نیشتمانپەروەری و شادۆستی» (اکبری، ۱۳۸٤: ۲۵۰). بەم چەشنە، ئەو فەرهەنگ، مێژوو و کۆمەڵ و هتدانە کە لە ناو ئەم گوتارەدا نەدەگونجان، دوور خرانەوە و لە ناو مێژووی زاڵدا بەپێچەوانە و بە لاریدانیان باسیان لە سەر کراوە. «ئوستوورەی نەتەوەی گرێدراو بە ئایدیۆلۆژی، ناسیۆناڵیزمی کردووە بە بابەتێکی بێ‌برانەوە و هەتاهەتایی؛ لە ڕاڤەگەلێک کەڵک وەردەگرێت تاوەکوو چەمکگەلێکی بەستراو و یەکگرتووی سوننەت نەتەوەییەکانی بخولقێنێت» (اشکرافت و همکاران، ۱۳۹۵: ۲۱۱). لە ناو ئەم جومگەبەندیی گوتارەدا بوو کە مێژوو، فەرهەنگ و زمانی خەڵکانی دیکەی خستە پەراوێزەوە.

بەم هۆیەوە دەتوانین بەشداریی لاس لە کۆماری کوردستان وەک ڕێگەچارەیەکی خەڵکی لە بەرچاو بگرین. «بۆ بەیانی دایکی پرسیبووی: «ئەم ئاگرە بە چی دەکوژێتەوە؟»، وسووئاغا وەڵامی دابووەوە: «بە جەرەیەک ئاو». لاس دوای ساڵێک لە باوکی ڕاسپاردبوو: «پێی بڵێن بۆ هێنانی جەرە ئاوەکە دەڕۆم.» (نەهایی، ۱۳۹٤: ٦٤). ڕۆمان بە باس‌کردنی بەرەیەک کە هیوایان[37] بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو، دەیهەوێت وەڵامی خەڵکی بەرانبەر بە بارودۆخەکە و ڕووسەکان و حکوومەت و هتد بداتەوە (هەمان: ۱۱۲)؛ بەڵام گوتاری ناسیۆناڵیزمی ئێرانی بە شێوەی زۆرەملێ و دژکردەوە باس لەم واقیعە دەکات. بۆ نموونە: حەمید ئەحمەدی بە شێوەی سووکایەتی‌کردن نووسیویەتی: «ڕابەرەکانیان عەشیرە بوون» (احمدی، ۱۳۷۹: ٥۱). خولقاندنی پێناسەگەلی نەتەوەیی بەتەواوی ئاکامی کردەوەی کەڵەپیاوانی سیاسی و ڕووناکبیران(ی کورد) بووە تا ڕێکخراوەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی کە لە دەستی سیاسەتەکانی دەوڵەتی زلهێزی ناوەندی ناڕەزا بوون (هەمان: ۳۰۲). شێوەی گێڕانەوەکان لە ناو گوتاری ناسیۆناڵیزمی ئێرانیدا، باسی ئەم واقیعانە بە ڕوانگەی لە_سەرەوە_بۆ_خوار دەکەن.

**٤-۳- کەڵک‌وەرگرتن لە فۆلکلۆر و بەهێماکردنی کەسایەتییەکان:** ناوی ڕۆمانەکە (*گوڵی شۆڕان*) لە چیرۆکی ئەفسانەیی بەیتی *لاس و خەزاڵ*-ەوە وەرگیراوە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردەکانی موکریاندا باو بووە. لەم ڕۆمانەدا فۆلکلۆر دێتە یارمەتیی گێڕانەوەوە تاکوو گێڕانەوە بتوانێت ڕووداوە تراوماکان جوانتر شرۆڤە بکات. لێرەدا ئاماژەدان بە بابەتی ڕۆمانەکە، گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان بەوردی و بە سەمبۆلیک‌کردنەوەی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان (هیوا، یادگار)، باشتر بابەتەکانمان بۆ ڕوون دەکەنەوە. ئاماژە بە چیرۆکی گوڵی شۆڕان (چیرۆکێکی کۆنی کوردی) کە دایەگوڵێ بۆ یادگار، کوڕی لاس گێڕایەوە: لاسی خەونەکانی یادگار پاڵەوانێک بوو کە «ساڵەها لەوە پێش بە دەستێک ڕانک‌وچۆخەی مەرەز و کڵاوجامانایەکی قیتەوە، بۆ هێنانی گوڵی شۆڕانی، سواری ئەسپی هەورەکان بووبوو» (نەهایی، ۱۳۹٤: ۱۰۸). بەچیرۆک‌کردنەوەی بەیتەکە دەرهێنانی فەرهەنگی ناوخۆی خەڵکە. تەنیا بە بەچیرۆک‌کردنەوەیە کە چیرۆکێکی دیکە دەتوانێت خۆی جوانتر بخاتە ڕوو.

ڕۆمانی *باڵندەکانی دەم با* (۱۳۹٤)، باس لە بەسەرهاتەکانی بەرەیەک (چیرۆکی میهرەبان، فەرهاد، کوورش و خودی نووسەر) دەکات کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی شۆڕشی گەلان لە ئێراندا (۱۹۷۹). تەواوی کاری ڕۆمان لەم ڕستەیەدا دەبینرێت: «لە زەینی نووسەرێک کە بەر لە مردنی بەپەلە بوو _مردنی کێ؟_ چیرۆکەکەی بنووسێ. چیرۆکێک کە ساڵانێک بوو لە بیر چووبووەوە». (نەهایی، ۱۳۹٤: ۱۲۰). ئەوەی کە ڕابردوو دەکات بە بابەتێک ئێستایە، ئێستایەک کە هیچی لە ڕابردوو ناچێت، تەنانەت لە خەونەکانیشی ناچێت (هەمان: ۲۰٤). خەونێک کە تێک‌چووە و بە دوایدا بیرەوەریش تێک‌چووە و تەواوی کاری ڕۆمان (پاڵەوانەکەی و نووسەرەکەی) سازاندنەوەی بیرەوەریی

[37] بە هۆی ئەوە بوو کە لاس ناوی براکەی ناو نا «هیوا» کە دواتر شێت بوو.

خەونەکە و ئەو ڕووداوانەیە کە بوون بە هۆی تێکچوونی. خەونی کەسێک کە دوای شۆڕش بەرەو هەندەران هەڵدێت و تا کاتی دەسەڵاتی ڕیفۆرمخوازەکان نایێتەوە بۆ وڵاتەکەی. فەزا و شوێنی ڕۆمانەکە، ئەمە پیشان دەدەن کە نووسەر دیهەوێ بە تکنیکی وەبیرهێنانەوە و گێڕانەوەی کورتکورت و پچڕپچڕ ئێستا گرێ بداتەوە بە ڕابردووەوە.

**٤-٤- ستراتژیی وەبیرهاتنەوە بۆ سازاندنەوەی بیرەوەریی بەرەیەک:** لە ڕۆمانەکەدا باس لە کتێبێک بە ناوی *ڕۆچنەیەک لە تاریکیدا* دەکات کە ئەو کتێبە شەش یان حەوتەمین کتێبی ئاماژەدان بە بارودۆخی ئەشکەنجە و زیندانیبوون بە دەستی ساواکە (نەهایی، ١٣٩٤: ١٤٦) و، هەڵهاتنی خەڵکی لە شەقام و گۆڕەپانی ئازادیی تاران (هەمان: ١٥٣-١٥٢) و هتد کە بارودۆخەکە شرۆڤە دەکات. بەڵام ئێستا کاتی گەڕانەوەی میهرەبان[38] هەموو کەس تووشی فەرامۆشی هاتوون. ئەم دۆخەیە کە ڕۆمان دەیشارێتەوە و بە شاردنەوەی، خوێنەر دەخاتە ناو بیرکردنەوەی ئێستای؛ کە بوونی ئێستای چۆن پێکهاتووە. «گوتی: لەم وڵاتە چیرۆکی زۆر کەس نەنووسراوە. وا باشە بڵێم، لەم وڵاتە چیرۆکی کەس نەنووسراوە» (هەمان: ٣٣). ڕۆمان بە پشتبەستن بە گەڕانەوەکان ئەم سازاندنەوە لە ئەستۆ دەگرێت. ئەم تاکتیکە و هەروەها گێڕانەوەی بەسەرهاتی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان، دەستبەکار دەبن بۆ بەرەوپێشبردنی گێڕانەوەی ڕابردوویێک کە فەرامۆش کراوە. بەڵام ئەو شتە کە دەبێتە هۆی گرنگبوونی ڕابردوو، ئێستایە؛ ئێستایەک (کاتی گەڕانەوەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە) کە کاتی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازەکان و قۆناغی دووهەمی هەڵبژاردنەکانە لە ئێراندا (١٣٧٦_١٣٨٤). دەستپێکردنی ڕەوتێکی نوێ لە دەسەڵاتداری کە باسی گۆڕان و ڕیفۆرمە نوێیەکان دەکات؛ بەڵام بەپێچەوانەی ئەو ئامانجەیە کە کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە و هاوڕێکانی لە شۆڕشدا بەدوایەوە بوون. ڕۆمان چەند بیروبڕوا لە ناو خۆیدا دەگونجێنێت کە لەو کاتە بوونیان هەبوو؛ بیروڕای مارکسیستی، ناسیۆناڵیسمی کوردی و، بیری شۆڕشی کۆمەڵایەتی کە میهرەبان و هاوڕێکانی بەدوایانەوە بوون. کاتی گێڕانەوەی ڕۆمان کە لە زمانی میهرەبانەوە باسی بارودۆخەکەی ئێستا دەکات، کەمترین پێوەندیی بە ڕابردووەوە دەگرێت و، هەر بۆیە ڕۆمان دیهەوێ دووبارە بە ڕووداوەکاندا بچێتەوە و بیرەوەریی ئەو بەرەیەی دەیەی پەنجا و شەستی کاتی شۆڕش دروست بکاتەوە. ڕۆمان ڕاشکاوانە باسی بارودۆخی ئێستای خەڵکی کردووە: «ئەو لە ڕوومەتی هەموویان ورد دەبووەوە. ڕوومەتی مات و تێکشکاو و ئێسکن، لە پشت هەڵم و دووکەڵی ناو چایخانەکەوە. ڕوومەتی ماندوو و وەڕەس. وەک ئەو ساڵانە... [ئاماژە بە پێش شۆڕش دەکات] وەک پۆرترەکانی فەرهاد.» (هەمان: ٢٠٤). بەم شێوەیە ئەزموونی شکست و دۆڕانی بەرەیەک دەبێتە هۆی پچڕپچڕکردنی بیرەوەری و نامورادی لە سازاندنەوەی یەک هێڵی و بەردەوامیی بیرەوەریی ئەوان لەم کاتەدا (کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە).

**٤-٥- ئەزموونی بەرەیی و ئەزموونی دۆڕان و شکست:** کاتی دەستپێکردنی ڕۆمانەکە[39] دەگەڕێتەوە بۆ ڕووخانی دەسەڵاتداریی پەهلەوی و سەرهەڵدانەکەی جەماوەر بەرەوڕووی ئەو دەسەڵاتدارییە هەتا هەڵهاتنی میهرەبان و فەرهاد بۆ هاندەران (نەهایی، ١٣٩٤: ١٥٣، ١٥٢، ٧٧، ٦٩، ٥٧) و، کاتی گەڕانەوەی میهرەبان لە ئەورووپا هاوکاتە لەگەڵ دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازەکان لە ئێران. ڕۆمان بە سازدانی بیرەوەریی ئەو و هاوڕێ و خزمەکانی، دیهەوێت باسی نێوان ئەو دوو کاتە یا واقیعە بکات. بەم شێوە پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەخاتە ناو گێژاوی وەبیرهێنانەوەی مێژوویی بەرەیک و، بەردەوام بە جۆرگەلێک لە ململانەکردن لەگەڵ ڕابردوو و ئێستایدا، ئەو مێژوو و واقیع و ڕووداوانە دروست دەکاتەوە. بابەتی ڕۆمانەکە بەسەرهاتی بەرەی شۆڕشگێڕە کە لە ناو چیرۆکی ئەویندارانەی کاڵێ و فەرهاد، ناسری و ئەفسانە و میهرەباندا دەچێتە پێشەوە و بە گەڕاندنەوەی ڕووداوەکان، تاوتوێی دەکات و ئێستا بە ڕابردووەوە گرێدەداتەوە. «ڕابردووی پیاوانی بەرەیەک چەندە لە یەکتر دەچێت» (هەمان: ٥٣). بە دەرخستنی خودی ڕۆمانەکە، باسی بەرەیەک لە گەنجانی خوێندکاری

---

[38] میهرەبان ناوی کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە... کە بە ئاماژەی خودی ڕۆمانەکە سی چل ساڵ دوای شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ وڵات و دەبینێ کە بیرەوەریی ئەو کاتانەی شۆڕش، لای کەس نەماوە و کەسایەتییەکان ئیتر گۆڕاون (نەهایی، ١٣٩٤: ٢٣٢).

[39] وا دیارە لە چەند ساڵ بەر لە شۆڕشی ئێرانەوە تا کاتی قۆناغی دووهەمی ڕیفۆرمخوازەکان (١٣٥٢ تا ١٣٨٤).

کورد کراوە _ئەوانە کە لایەنگری مارکسیستی بوون_ کە بەشداریی شۆڕشیان کردووە. «کراسێکی جووت‌گیرفانی چینی، پاڵتۆیەکی سەربازیی ئامریکایی، سمێڵێکی زلی ستالینی و چاویلکەیەکی قاپ‌ڕەش... «پێکەنیم. گوتم» ئەفسانە ڕۆژنامەی «کار»ی دەفرۆشت یان «ڕێبازی کرێکار»؟ (هەمان: ۱۹). بەڵام ئەنجامی لایەنگرییەکە لە دوایین بەشەکانی ڕۆمانەکەدا لە زمانی یەکێک لە دۆستەکانی میهرەبان بەناوی کوورش بە لاڕێدا دەچێت (نەهایی، ۱۳۹٤: ۲۰۳).

ڕۆمان و شکست چەقبەستراوی یەکن و تەنیا ڕۆمان دەتوانێت (بە هۆی فرەدەنگی و ناوەرۆکیەوە، لە ڕوانگەی باختینییەوە) ئەم ئەزموونە بە جوانی باس بکات (لوکاچ، ۱۳۸۱). ڕۆمانەکە بەم شێوە باسی ئەم شکستە دەکات: «ساڵێک و چەند مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕش، حکومەتی تازە بە ئێجگاری شاری گرتبووەوە. دوای شەڕێکی قورسی ماڵ بە ماڵ، دوای کوژرانی سەدان و هەزاران گەنج کە تا دوێنێ لە سەنگەرێکدا بۆ سەرکەوتنی شۆڕشێک تێکۆشابوون. چەکدارانی ناو شار هەڵهاتبوون و چەکدارانی حکومەت جێگەی ئەوانیان گرتبووەوە. ئەو ڕۆژانە کوڕە گەنجەکانی شار دەستەدەستە گیرابوون و ئەو بە تکای میرزا سەعیدی باوکی، ماوەیەک لە ماڵ نەچووبووە دەر» (نەهایی، ۱۳۹٤: ۱۷٦). ڕووداوەکانی دوای ئەم شکستە هۆی تێکدانی خەونەکانی ئەم بەرە بووە و، بیرەوەریی سازاندنەوە بۆ میهرەبان لە پەنابەریدا و هەروەها کاتی هاتنەوە بۆ وڵات بەبێ گێڕانەوەی ئەم شکستانە، جێبەجێ نابێت. شوێن و کەسایەتییەکان و فەزاکان دەبن بە ئامرازی سازاندنەوەی بیرەوەریی پاڵەوانەکە و نووسەرەکە لە ناو ڕۆمانەکەدا.

**٤-٦- ڕۆمانتیک‌کردنەوەی کەش و لەحن بۆ پیشاندانی کارەساتی فەرامۆشی:** نووسەر لە زمانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە، بەم وتەیە لە هەمبەر دۆخەکەدا هەڵوێست دەگرێت:

> «ئەم با و گەردەلوولە بۆ دوایی نەدەهات؟ لەودیو دەلاقەی ژوورەکەی فەرهاد، لەو کەشە تاڵ و خۆڵەمێشییەدا، گەڵای درەختەکانی ئەو حەسارە کە پێشتر گوتبووی بە لامەوە غەریب نییە، بە دەم با و گەردەلوولەکەوە بوون. وەک پۆلە باڵندەیەکی کوێر و سەرلێ‌شێواو، هەر یەکەو بە لایەکدا دەفڕین و لە شوێنێک ـلە کوێ؟ـ دەگیرسانەوە. ئەم باڵندە کوێر و سەرلێ‌شێواوانە، ئەم ڕەسمە کۆن و هەڵپرووکاوانە، ئەم یادە کاڵ و بێ‌ڕەنگانە، ئەم ڕۆژە دوور و فەرامۆش‌کراوانە، ئەم ساتانەی دەم با و گەردەلوول چۆن کۆ دەبنەوە؟ ئەم ڕووداوە قەوماو و نەقەوماوانە چۆن یەک دەگرنەوە؟ ئەم جەستە پارچەپارچەکراوانە چۆن دەبنەوە بە یەک جەستە؟ ئەم هەموو چیرۆکە لەبیرکراوانە چۆن وەبیر دێنەوە و چۆن لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا دەنووسرێنەوە؟». (نەهایی، ۱۳۹٤: ۱٤۱)

وەبیرهێنانەوەی بیرەوەری بە باس‌کردنی ئەو ئاوات و داخوازییانە بەرەو پێش دەچێت کە تێکەڵاوی عیشقی کەسایەتییەکان بووە تا ڕوویەکی ڕۆمانتیکتر لە ژیانیان پێ ببەخشێت. لەحن و فەزایەکی نائومێدانە کە خوێنەر مات دەکات و هاوکات بە پشتبەستن بە چیرۆکێک کە میهرەبان دەینووسێ و، هەروەها بە باس‌کردن لە ئێستای ژیانی میهرەبان، ڕۆمانەکە بەرەو پێش دەبات. وەسف‌کردنی ژیانی فەرهاد و تابلۆکانی، نموونەی ئەم نائومیدییەیە کە تیکەتیکە و پچڕپچڕ پیشاندەری ژیان و بەسەرهاتێکی شێواو و داپچڕاوە (هەمان: ۱۲۲). کۆمەڵێ شوێنی وەک کۆڵان، چایخانە، ماڵی کۆنی باوکی میهرەبان، پشتەبان و کۆتربازی و حەسار و دیواری کاگڵ و هتد، سەلمێنەری ژیانی ئاسایی خەڵکین کە ڕۆمانەکە ڕۆمانتیکیان دەکاتەوە تاکوو لە ناو ئەم ژیانەوە باسی خودی خەڵکی بکات. «ئەم هەموو ساڵە، بۆچی دەربارەی خەڵکی ئەم کۆڵانە هیچت نەنووسیوە؟» من گوتبووم: «ڕەنگە دوای نووسینی چیرۆکی تۆ، چیرۆکی خەڵکی ئەم کۆڵانە بنووسم» (نەهایی، ۱۳۹٤: ۱٤۷-۱٤٦).

گێڕانەوە لە ڕۆمانی *گرەوی بەختی هەڵاڵە*دا لە کۆتایی چیرۆکەکەوە دەست پێ‌دەکات و بەم شێوەیە گێڕانەوەکە کێشەدار دەکات و بە پشتبەستن بە تاکتیک و تکنیکە جۆراوجۆرەکان، ئیستراتژییەکانی خوارەوە دەکات بە نێونجێتیی

وەبیرهێنانەوەی بیرەوەریی بەرەیەک لە مێژووی کوردستان کە هاوکاتە لەگەڵ شەڕی حیزبە کوردییەکان و پەنابەریی ئەوان لە کوردستانی عێراق و ئەورووپادا. ڕۆمانەکە لە زمانی یەکێک لە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان، باسی بەسەرهاتەکانی هەڵاڵە دەکات کە کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە و لە ئەورووپا دەژیت. نووسەر کاتێک بەسەرهاتەکەی هەڵاڵە دەگێڕێتەوە کە هەڵاڵە لە سەر تەختی نەخۆشخانە کەوتووە و دواهەمین کاتوساتەکانی ژیانی تێدەپەڕێنێ. ڕۆمان لەم کاتەدا باسی ڕابردوو بە ئیستراتژییەکانی خوارەوە دەکات.

**٤-٧- خوێندنەوەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و واقیعە سیاسییەکانی:** بە هۆی ئەوەی کە فاکتەکان کەمن یان دەست ناکەون، کەڵکوەرگرتن لە ویژە و فەرهەنگی خەڵکی بۆ خوێندنەوەی مێژوو، دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بیرەوەرییان ساز بکەینەوە. هەروەها بە هۆی زاڵبوونی دەسەڵات و سازدانی بیرەوەریی گشتگیر، مێژووی خەڵکی بە ئیدیۆلۆژیک کردنەوە خراوەتە پەراوێزەوە و ئەگەری سازاندنەوەی ئەو بیرەوەرییە لای ئەوان تەنگ و کەمڕەنگ کراوەتەوە. بەڵام بە باسکردنی ڕۆمان دەتوانین بچینەوە سەر مێژووی نەبیستراوی خەڵک و باسیان لەسەر بکەین. خوێندنەوەی مێژوویی بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان (سەردەمی منداڵیی هەڵاڵە)، بەو جۆرە کە ڕۆمان دەریدەخات، هاوکاتە لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی پەهلەوی و شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووبەڕووبوونەوەی ئیدیۆلۆژییە سیاسییەکان لە ئێران و لە کوردستاندا. گوتاری ناسیۆناڵیزمی ئێرانی بە جومگەبەندیی گوتاری خۆییەوە، بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستانی بە لادان و بشێوی و فریوخواردن لە لایەن ڕۆژئاواوە دەهێنایە ئەژمار. بۆ نموونە: «سەربەخۆیی لادان» (جلاییپور، ١٣٨٥: ٤٢)، «فێڵەکانی دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکان» و «پرسی کەمینە نەتەوەییەکان، زۆرتر لە لایەن ئەورووپاییەکانەوە وەک فێڵێک بۆ بێهێزکردنی دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتییەکان بەکار هێنراوە. لەم ناوەدا پرسی کوردیش وەک یەکێک لەم نموونانە لە بەرچاو بووە» (برزویی، ١٣٧٨: ١٣). بەڵام ڕۆمان، هەرچەند وێڕای ئەوەی کە کات و شوێن بە ڕاشکاوانە دیار نییە، بەم ڕەوتە ئاماژەی داوە و، بەم شێوەیە باسی کردووە: بە ئاماژە بە قۆڵبەستکردنی حەمەڕەشید ئاغا بەر لە لەدایکبوونی هەڵاڵە بە دەستی مەئموورەکان، شەش ساڵ خوێندنی هەڵاڵە لە قوتابخانە[٤٠] (نەهایی، ١٣٩٣: ٣٦_٣٧)، هەڵهاتنی بنەماڵەی حەمەڕەشید ئاغا لە شار بە هۆی بۆردومانکردنی ناوچەکە بۆ دەڤەرێکی شاخاوی کە هاوکات دەبێت لەگەڵ پێکدادانەکانی نێوان حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانی کوردستان و کۆماری تازەدامەزراوی ئێران و، دوای ڕۆیشتنیان بۆ سلێمانی (هەمان: ٨١، ٦٩، ٤٦). هەروەها پەیوەستبوونی مەجید، کوڕە گەورەی حەمەڕەشید ئاغا بە حیزبی مارکسیستییەوە و ڕقلێهاتنی حەمەڕەشید ئاغا لە مەجید بەم هۆیەوە (هەمان: ٢٤٩، ١٠٨، ٨٥، ٧٥، ٤٠) و، دوایی پەنابەریی هەڵاڵە و مەجید و مامە فەتاح بۆ سوید. کەواتە، ئەگەر بە وردی سەیری ڕۆمانەکە و ئەم ڕەوتە بکەین، دەتوانین لە سەر کات و شوێنەکەی باس بکەین و مامەڵەی خەڵکی لەگەڵ بارودۆخەکە و، ئیدیۆلۆژییەکان لە ناو کوردستان (کە زیاتر بە حیزب ناسراون) و ئێراندا شی بکەینەوە.

**٤-٨- سیاسیکردنەوەی فۆلکلۆر و کەڵکوەرگرتن لە چیرۆکە کۆنەکان:** ئاماژەی ڕۆمان بە چیرۆکی کۆنی کوردی[٤١] و گرێدانی ئەم چیرۆکە بە ژیانی حەمەڕەشید ئاغای باوکی هەڵاڵەوە، کە پیشاندەری خەبات و زیندانیبوونی ئەو، بۆ ماوەی پانزە ساڵ، دوو یان سێ مانگ بەر لەوەی کە هەڵاڵە لە دایک ببێت، بە دەستی دێوەکان (خوازە بۆ مەئمووڕانی ساواک) بوو کە هەلومەرجی کات و دۆخە مێژووییەکەی سەرەتای ڕۆمانەکەمان بۆ ڕوونتر دەکاتەوە. هەروەها ئاماژەی ڕۆمان بە شانۆیەک کە برایم، خۆشەویستی هەڵاڵە لە شاخ، لە بنکەی حیزب نووسیبووی، پیشاندەری سیاسیکردنەوە و گرێدانی بەرخۆدانی گەلی کوردە بە بەرخۆدانی مێژوویی فەڕانسەییەکانەوە، کە لە ناو ڕۆمانەکەدا باسی لێکراوە (نەهایی: ١٣٩٣: ١١٩). کایەکردن بە ڕەنگەکان، تاکتیکێکی ئەدەبیی نووسەرە کە ڕۆژە سەخت و

---

[٤٠] لەو کاتە هەڵاڵە سێزدە ساڵە.

[٤١] چیرۆکی میرخوناوک و خاتوو کلاوزێڕ، لاپەڕەی: ١٨.

دژوارەکانی خەڵکیی پێ باس دەکات و بەم جۆرە دێنێتەوە بیری هەڵاڵەش، بۆ نموونە: «ڕۆژێک ئەوەی گوتبوو کە خەڵکی شار بۆ یەکەمجار خەریک بوون بە کۆمەڵ شاریان چۆڵ دەکرد. ڕۆژێکی زەرد، زەردێکی بەهێیی، بەهێییەکی کولکنی تۆزاوی. ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕش» (هەمان: ۸۰).

**٤-٩- دژەبیرەوەری و سازاندنەوەی مێژوو لە خوارەوە بۆ سەرەوە:** وەبیرهێنانەوەی کۆڵان و منداڵانی گەڕەک، بۆردومانکردنی شار و ئاوارەیی بنەماڵە، برایمۆک و هتد بۆ هەڵاڵە، دەروونیکردنەوەی بیرەوەری بوو کە دەیویست زانیاری و ئاگاداریی خۆی سەبارەت بە ڕابردووەکەی، وەک بیرەوەرییەک کە بە بیرکردنەوە دروست دەبێتەوە، زۆرتر بکات. ئەم وەبیرهێنانەوە دروستە کە هی خودی هەڵاڵە بووە، بەڵام بەم مەبەستە دەتوانین باس لە بیرەوەریی خەڵکانێک بکەین کە لە سەر بیرەوەریی تراژیدیکیی پاڵەوانی ڕۆمانەکە دامەزراوە. بیرەوەریی سەردەمێک کە مێژوو کەمتر باسی لێ کردووە یان ئەگەر باس کراوە لە لایەن دەسەڵاتەوە بووە و، بیرەوەریی خەڵکی لە ژێر ناوی بیرەوەریی فەرهەنگیی کۆڵان و بازاڕ (بە واتای بێبایەخی)، لە قەڵەم دراوە. باسی قوتابخانە و سەردەمی منداڵیی هەڵاڵە کە دوو دروشمی پارادۆکسیکاڵین، بەم جۆرە لە ناو ڕۆمانەکەدا باس دەکرێن: «عەنجەزە عەنجەزە عەنجەزە عەبدە... لاشەریک لاشەریکە لە...» ساڵی پێش یان ساڵانی پێشتریش سروودێکی دیکەیان دەخوێند: «ئێمە ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەین...» (نەهایی، ۱۳۹۳: ۳۷). ئەم دروشمە ڕووبەڕوونەوەی ئیدیۆلۆژییەکان پیشان دەدات کە یەکێکیان لە ناو داموودەزگا حکومەتییەکاندا و ئەوی دیکەیان لە ناو خودی خەڵکدا وتراوەتەوە. هەروەها ڕۆمانەکە باسی ئاوارەیی و دەربەدەریی خەڵکی شار دەکات تاکوو ئەم گێڕانەوەیە بە شێوەیەک بێت کە ڕووبەڕووبوونەوەی گێڕانەوەی دەسەڵاتەکان لەو کاتەی کوردستان ڕەد بکاتەوە و لە زاری خەڵکەوە دۆخەکە پیشان بدات:

> «ئەوەی هەڵاڵە دواتر بیستی، کۆمەڵێک حەقایەتی سەیر و سەمەرە بوو. کۆمەڵێک ڕووداو و کارەسات کە لەوە پێش کەس نەیبیستبوو، نەیبینیبوو. دواتر دەیانبیست و دەیانبینی. حەقایەت و ڕووداوی لەوە سەیر و سەمەرەتریشیان دەبیست و دەبینی. کۆچ و ڕەو هەڵگری گەلێک حەقایەت و ڕووداوی ئەفسانەیی و فانتازییە. هەڵاڵە دواتر ئەوەی دەگوت... چەند مانگێک لە شار مابوونەوە و دیسان بچووکتر و ڕەویتر. شار دەبووە مەیدانی تەڕاتێنی تەیارەکانی دوو حکومەتی[٤٢] لێکڕاساو، خەڵکی شار دەبوو هەمووو ڕۆژێک کۆچ بکەن، لە شارەوە بۆ دەرەوەی شار، لە شارەوە بۆ ئاواییەکان، لە شارەوە بۆ شارەکانی دیکە و... ». (هەمان: ٨٤)

لەم بارودۆخەدا و لە ژێر دەستی دەسەڵاتی نەخوازراودا دەنگی بەرخۆدان دەبیسترێت. «لە تەنیشتی دەسەڵاتی زاڵبووندا، هەمیشە دەسەڵاتی زۆرینەی خەڵک لە ئارادا هەیە. لە تەنیشت زاڵبووندا نافەرمانی هەیە و ئەمە بابەتێکە جێی لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەی خوارترین ئاستێک کە لە واقیعدا نە ئاستی بەندیخانە، کە ئاستی ڕەنجی خەڵکە. ئاستێک کە لە ناو ئەودا خەڵک لە خراپترین بارودۆخ و چەوساوەترین شێوەدان؛ ئاستێک کە لە ناو ئەودا مانا و زمانەکان بەو جۆرەی کە هەن لە دەسەڵاتی پراگماتیک جیا بوونەتەوە و ئەمانە بە گشتی مردن نییە، بەڵکوو ژیانەوەیە» (نگری، ۱۳۸۹: ٨٦).

**٤-١٠- پەنابەری و سازاندنەوەی مێژوو:** بێندیکت ئەندێرسۆن (Anderson, 1983) بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی «ناسیۆناڵیسم لە ڕێگەی دوورەوە»[٤٣] باسی کۆمەڵە خەڵکێک دەکات کە بۆ سازدانی شوناس و بەرگریکردن لە خەسارە

---

[٤٢] مەبەست حکومەتەکانی ئیران و عێراق و شەڕی هەشتساڵەی نێوانیانە.

[43] long distance nationalism

کۆمەڵایەتییەکان و هتد، مێژووی خۆیان لە وڵاتی هەندەران دەخوێننەوە. ئەوان بە شێوەگەلێک کە یاسا و دۆخی ئەو وڵاتە ئیزنیان پێبدات و هەروەها بە هۆی ئەوەی کە پەنابەرەکان سەربەخۆترن، دەتوانن لەگەڵ فەرهەنگ و کۆمەڵگای خۆیان هەڵسوکەوت و مامەڵە بکەن و بە هۆی ئەمەوە دەتوانن دەورێکی بەرچاویان لە سازاندنەوەی مێژووی بێدەنگی خۆیان ببێت. لە ناو ڕۆمانی *گرەوی بەختی هەڵاڵە*دا ئەم بابەتە ڕوونترە و شێوەگەلێک بۆ سازاندنەوەی مێژوو، خوێندنەوە و ڕەخنە لە کۆمەڵگای کوردستان بە نێونجێتیی فەرهەنگ و کۆمەڵگای سوید دەخرێتە بەر باس. لەم ڕوانگەی ئەندێرسۆنەوە، دەتوانین ئاماژە بدەین بە «ئەویترسازی» لە قاڵبی شوناس و ناساندنی خودی و دوژمندا. بەم شێوەیە کە دیاسپۆرا[44] بە کەڵکوەرگرتن لە مێژوو و فەرهەنگی خۆی لە بەرانبەر ئەویتردا دەوەستێتەوە و خۆی هەڵدەسەنگێنێت.

لە ڕۆمانی *گرەوی بەختی هەڵاڵەدا* بەم شێوەیە باس لە دیاسپۆرا و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دۆخەکەدا دەکات. باسی ئاسەوارەکانی لای ئەوان کە بیرەوەرییان پێ ئەسازنەوە. ئەم ئاسەوەرانە سەمبۆلی وەبیرهێنانەوەی مێژوو و فەرهەنگ و ویژەی کوردین کە ڕۆمان بە وەسفیان دەیهەوێ باسی گرنگیی ئەو وەبیرهێنانەوە لای کەسایەتییەکان بکات. هاوکات، ڕۆمان باسی کێشەکانی ژن و پیاوسالاری کە لە هاندەران بوونەتە کێشە و گرفت دەکات. بەم چەشنە، ڕۆمان دەیهەوێ ڕەوتێک لە ڕەخنە و سازدانی دۆخێک پیشان بدات کە لە هەمبەر ڕابردووی کەسایەتییەکاندا گرنگ دەبێت.

> «ئەوسا سەیری کارتۆنەکەی دیکەشی کردەوە و لە شتومەکەکانی ڕوانی کە زۆربەیان ئەو دیارییانە بوون کە لەم چەند ساڵەدا لە ئەم و ئەوی وەرگرتبوو، یان لەو یەک دوو سەفەرە تاکەکەسییەیدا بۆ ماڵەکەی کڕیبوو. تەختە نەردێکی چێوی، ئاڵایەکی بچووکی کوردستان بە پایەی ئاڵتوونییەوە، تابلۆیەک کە دوو بەیت شیعری هەژاری بە خەتێکی خۆش لە سەر هەڵکەنرابوو، دوو مۆمدان و... خەنجەرێکی کۆنینە کە حەمەڕەشید ئاغا لە کوردستان پێی بەخشیبوو (نەهایی، ١٣٩٣: ٢٨٩).
> خەنجەرە کۆنینەکەی حەمەڕەشید ئاغا کە لێرە بە هێمای یادگاریی فەرهەنگی پیاوسالاری باسی لێ کراوە، دەبێتە کێشەی ڕۆژنامەکان و ماڵپەڕەکان و تەلەڤیزیۆنەکان و... کە هەرکامیان لە ڕوانگەی خۆیەوە و بە شێوەی خۆی باسی لێوە دەکات؛ «چەقۆیەک لە کوردستانەوە تا ستۆکهۆڵم شوێن قوربانییەکەی کەوتووە». (هەمان: ٢٥١، ٢٤٧)

حەمەڕەشید ئاغای باوکی هەڵاڵە بەم شێوەیە دەڕوانێتە پەنابەربوونی منداڵەکانی: «ئەو لەوە دەترسا کە منداڵەکانی پشت لە وڵاتەکەیان بکەن، لە حیزبەکەیان، لە ڕێبازی باوکیان کە لە پێناویدا زیندان و ئەشکەنجە و ئاوارەیی دیبوو... باوکی گوتبووی: «لە بیرتان نەچێت کە ئێوە خەڵکی ئەم وڵاتەن و منداڵی منن. منداڵی کەوێک کە هەموو ژیانی لە پێناوی ئەم وڵاتە و خەڵکەکەیدا زیندان و ئەشکەنجە و ئاوارەیی دیوە» (هەمان: ٥٥).

یەکگرتوویی دیاسپۆرای کوردی لە هەندەران، سەمبۆلێک لە سازاندنەوەی بیروڕای ئیدیۆلۆژییە جیاوازییەکانە کە لە سەر بناغەی کوردایەتی ڕاوەستاوە. ڕۆمان باسی خۆپیشاندانی کوردەکانی شاری ستۆکهۆڵم دەکات کە بۆ ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە ڕێیانخستبوو (نەهایی: ١٣٩٣: ١٦٢). لەم باسەدا بیروڕا جیاوازەکان لەسەر بەشداریکردن یەک دەگرنەوە. ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە دەبێتە بنەمایەک بۆ کوردایەتی (ئاماژە بە وتەکەی سەعید، یەکێک لە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان کە لە وەڵامی «ئەوە تۆ لێرە چی دەکەی دوکتۆر؟»دا دەڵێ: «کوردایەتی! بۆ من کورد نیم؟» (هەمان: ٢٥٢ و ١٦٤) و نووسینی کتێبێک لەسەر مێژووی هاوچەرخی کوردستان کە گەرەکیە بینووسێت) (هەمان: ١٦٥). دیاسپۆرای کوردی بە ڕێکخستنی ئەم بابەتانە دەیهەوێت لەسەر بوونی خۆی بکۆڵێتەوە و بە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا، مێژووی خۆی بخوێنێتەوە. ڕۆمان باسی بەرەیەک دەکات کە بەشداریی حیزب و لایەنەکانی سیاسیی سەردەمی شۆڕشی ٥٧ دەکات کە بیروبڕوایان جیاواز بووە بەلام لەسەر بنچینەی کوردایەتی

---

[44] کەسی تاراوە و تاراوگەنشین.

دەوەستێنەوە... لە دوای شۆڕش بە هۆی دەرکرانیان لە وڵات، ڕێگەی پەنابەرییان گرتووەتەبەر و لە پەنابەریدا کارەساتەکان و ڕووداوەکانی دەخوێننەوە. ئەزموونی پەنابەری، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردی و ئیدیۆلۆژییە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لێ‌پرسینەوەی ڕابردووە و، ئێستای پێ دەخوێنێتەوە و ڕێگە و بنەمایەک بۆ داهاتوو دادەنێت.

بیرەوەری و چۆنیەتیی وەبیرهێنانەوە، چەقبەستووی ئەگەرەکانی نواندنەوە لە ڕابردووە، کە ڕۆمانەکە بە هۆی ئەوەی کە دەیهەوێت ئەم چەشنە پیشان بدات، لەسەر ئەم ئەگەرانە دەوەستێت. فۆکۆ بە باس‌کردن و شرۆڤەکردنی بەکارهێنانی چیرۆک و گێڕانەوە لەسەر چۆنیەتیی ئەو وەک «کردەوەیەک»[45] باسی دەکات: «یەکێک بە باس‌کردن لەسەر واقیعێکی سیاسی مێژوو بە چیرۆکێک پیشان دەدات کە خودی ئەمە حەقیقی و ڕاستەقینەی دەکاتەوە؛ ئەوی دیکە بە دەستپێ‌کردن لەسەر حەقیقەتێکی مێژوویی، سیاسەتێک لە چیرۆکدا پیشان دەدات کە هێشتا بوونی نییە» (الیری، ۱۳۹۶: ۲۵۲).

ڕۆمانی کوردی هەروا کە ئاماژەمان پێ دا، لەسەر ئەوەیە کە واقیعییەتگەلێکی سیاسی_ مێژوویی باس بکات کە واقیعیترن و لە ڕاستییەکان نزیکترن. هەر بۆیە پەنای بردووەتە بەر فەرهەنگ و ژیانی خەڵک و چۆنیەتیی خوێندنەوەی واقیعییەتەکان لای ئەواندا. لێرەدا بە هۆی ئەوەی کە فاکتەکانمان لە خۆدی ڕۆمانەکانەوە وەرگرتووە، بڕواشمان وایە کە ئەم ڕووداوانە لای هیچ مێژوونووسێک و لە هیچ مێژوویەکدا باسیان لە سەر نەکراوە، یان باشترە بڵێین وا باسیان لە سەر نەکراوە کە ژیانی خەڵکی ببێت بە بنەما و دەستپێکێک بۆ سازدانی بیرەوەری لە ئەواندا.

ئەم چەشنە ڕوانینە، ڕوانینی گەلی بندەستە بۆ خۆی و سازکردنی مێژوویی بۆ ئێستا و داهاتووی. ئیستراتژییەکان لە چوارچێوەی گێڕانەوە لە ناو ڕۆمانەکاندا ئەم ڕوانینەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە بە هۆی ئەمانەوە، ئەو کۆمەڵگایە کە نەیتوانیوە بە سازدانی مێژوونووسینەوە، مێژووی خۆی لە جیهانی نوێدا ساز بکات، بە کەڵک‌وەرگرتن و بەچیرۆک‌کردنەوەی واقیعە سیاسییەکان بە نێونجێتیی ڕۆمان، توانیویەتی ئەم کارە بکات. «سیاسەتەکانی لادان لە کورد و پێناسەی سەرەکیی دەوڵەتنەتەوە بوو بە هۆی پەرەسەندنی سیاسی و هەروەها ئیدیۆلۆژیکیی بزووتنەوەکانی کورد و، بە دوای ئەمە دڵەڕاوکێیەکی بنەڕەتی بەچاو مێژوو، لە لای ناسیۆنالیزمی کوردی دروست بوو» (Vali, 2003: 76). دەتوانین ئەم دڵەڕاوکێ و وڵامدانەوەیە لە ناو ڕۆمانی کوردیدا ببینینەوە و بخوێنینەوە.

## ۵- دەرئەنجام

بەبێ فامی ڕابردوو، ناتوانین ئێستا بخوێنینەوە و بەپێچەوانەشەوە بەبێ فامی ئێستا، فامی ڕابردوو پێک‌نایێت. بەم جۆرە ڕوانینەیە کە دەتوانین بڵێین بیرەوەری، هەڵسازراو[46]ێکە هەم دەتوانین ئێستا و هەم ڕابردووش و تەنانەت داهاتوویشی پێ‌بخوێنینەوە. بەم چەشنە، بیرەوەری و سازدانی ئەبێتە بابەتێکی گرنگ. دروست‌کردن و هیدایەت‌کردنی بیرەوەری لە ناو بازنەیەکی سەقامگیری زانستی و داهێنانی سوننەت و مێژوو لە ناو گوتارێکدا، دەبێتە هۆی سازاندنی مێژووی گشتگیر لە کۆمەڵگایەکدا کە بەم شێوەیە دەیەوێت بە نێونجێتیی ئەو، خۆی بە حەقیقەتێکی مێژووییەوە ببەستێتەوە. گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی، بەم چەشنە، مێژوویەکی گشتگیری دروست کردووە. واتە بەم شێوە نەتەوەکانی دیکەی پەرتەوازە کردووە یان لە ناو خۆیدا بە توندوتیژیی پێکهاتەیی و فەرهەنگی[47] تواندوونیەتەوە و بیرەوەرییەکی گشتگیری بۆ خۆی

[45] Action

[46] برساخته شده

[47] داهێنەری ئەم دەستەواژە یوهان گالتۆنگە.

پێک‌هێناوە کە سەرانسەری مێژووی ئێرانی بە شێوەی بەردەوام و یەک‌ڕیز لێ‌گرێ‌داوەتەوە. بە واتایەکی دیکە، خۆی کردووەتە مێژووی بنچینە و مێژووی نەتەوەکانی دیکەی کردووە بە مێژووی خۆجێیی.[48] بەم چەشنە، کورد لە ئێراندا وەک یەکێک لەم نەتەوانە، بە هۆی ئەوەی کە نەیتوانیوە بیرەوەریی مێژوویی، بەم شێوەیە ساز بکات، بیرەوەریشی پچڕپچڕ و نابەردەوام بووە. هەڵبەت دەتوانین بڵێین هەرچەند بە هۆی پەرتەوازەبوونیەوە نەیتوانیوە مێژووی گشتگیر دروست بکات، بەڵام لە هەمبەردا توانیویەتی مێژووی بەرەیی و پاش ئەو، بیرەوەریی مێژوویی بەرەیی لە هەمبەر مێژوو و بیرەوەریی گشتگیری ناسیۆناڵیستیی ئێرانی، وەک پێگەیەک لە حەقیقەتی ناڕاست، ساز بکات. ئەمە لە بارودۆخێکدا بووە کە ناسیۆنالیستی ئێرانی وەستانی تێ‌کەوتووە و پەرچەکردارێک بووە لە بەرانبەریدا کە لە ناو دوو بەرەی ئاماژەپێ‌کراودا خۆی نواندووە. ئەگەر بمانەوێ ڕاشکاوانەتر بڵێین، هەر لە سەرەتاوە (هەر لە یەکەم وەستانەوە)، هەر وا کە ڕۆمانی *گوڵی شۆڕان* باسی دەکات، داگیرکردن و ئەشکەنجە و ئازاری خەڵکی کورد لە لایەن عوسمانییەکان و ڕووسەکان و هەروەها حکومەتی ڕەزاشاوە بە داسەپاندنی فەرهەنگ و زمان و هتد، لە چوارچێوەی نوێکردنەوەیەکی دەستکرد و دەستووریدا بووە کە ڕووی‌داوە و بەرئەنجامی ئەمە، بەرەیەک بوون کە خەونیان بە دامەزرانی حکومەتێکەوە دیوە کە لە هەمبەر ئەم بارودۆخەدا بوەستێتەوە و دەنگ و پێگەی گەلی بندەست بێت.

لە ناو ڕۆمانەکانی *باڵندەکانی دەم با* و *گرەوی بەختی هەڵاڵە*دا دەتوانین ببینین کە باسی مێژوو و بارودۆخی پێش شۆڕشی گەلان لە ئێران و کاتی شۆڕش و دوای شۆڕش دەکەن و ئێستاشی پێ دەخوێننەوە. ئەمانە بیرەوەریی بەرەیی ساڵەکانی چل و پەنجا تا هەشتا دروست دەکەنەوە کە بە وەستانێک، لە ناو گوتاری ناسیۆناڵیستی ئێرانی پیشان دەدرێت. لەم دۆخەدایە کە خۆی لە ناو ئیدیۆلۆژییەکان و حیزبەکاندا دەبینێتەوە (ئاماژەی ڕۆمانەکان بە ئیدیۆلۆژییەکانی مارکسیستی و حیزبە کوردەکانی ڕۆژهەڵات). ڕۆمانەکان بە دژەبیرەوەری و سازاندنەوەی مێژوو لە خوارەوە_بۆ_یان و بە باس‌کردن لە ژیانی خەڵکی (و باس نەکردن لە یاساکان، حاکمەکان و هتد، بەپێچەوانەی مێژوونووسیی زاڵ) و سازاندنەوەی مێژوو، دژەبیرەوەرییەک ساز دەکەن کە بیرەوەریی لە خوارەوە_بۆ_سەرەوەیە. ئەم دژەبیرەوەرییە، بیرەوەریی بەرەییە کە لە هەمبەر بیرەوەریی گشتگیر کە دەیهەوێت مێژوو و بیرەوەریی ئیدیۆلۆژیک دروست بکات، ڕادەوەستێت. بەم شێوە، دەتوانین بڵێین کە بیرەوەری لە ناو گوتاری زاڵدا بیرەوەریی گشتگیرە و دەیهەوێ بیرەوەریی زاڵ، ئەزەلی و هەتاهەتایی دروست بکات کە ئامرازی دەسەڵاتداری بێت. بەڵام لە ناو ڕۆمانی کوردیدا، بە تایبەت لە سێ ڕۆمانی باس‌کراودا، بە هۆی ئەوەی کە باسی بەسەرهاتەکانی خەڵک دەکات و مێژوو لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەخوێنێتەوە، دەتوانین سازدانی بیرەوەری بە هۆکارێک دابنێین کە لە هەمبەر بیرەوەریی گشتگیری ناسیۆناڵیسمی ئێرانیدا دەوەستێتەوە و تەنانەت دەتوانین بڵێین خۆی، بیرەوەری دروست دەکاتەوە. ئەم بیرەوەرییە بە ئیستراتژیگەلێ وەک خوێندنەوەی واقیعە سیاسییەکانی ڕابردوو بە نیۆنجێتیی ترۆماکان، ئیستراتژیی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لە بەرانبەر دەسەڵاتی نەخوازراو و هەروەها کەڵک‌وەرگرتن لە فۆلکلۆر و بەسەمبۆلیک‌کردنی کەسایەتییەکان، لە ناو ڕۆمانی *گوڵی شۆڕان*دا خۆی دەنوێنێت. لە ناو ڕۆمانی *باڵندەکانی دەم با*دا باس‌کردنی ئەزموونی بەرەیی و ئەزموونی دۆڕان و شکست، ئیستراتژیی وەبیرهێنانەوە بۆ سازاندنەوەی بیرەوەریی بەرەیەک و هەروەها ڕۆمانتیک‌کردنەوەی کەشوهەوا و لەحن بۆ پیشاندانی کارەساتەکان و فەرامۆشی، ئەبن بە هۆی سازدانی دژەبیرەوەری لە هەمبەر بیرەوەریی گشتگیردا. ڕۆمانی *گرەوی بەختی هەڵاڵە*، بە خوێندنەوەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و واقیعە سیاسییەکانی، سیاسی‌کردنەوەی فۆلکلۆر و کەڵک‌وەرگرتن لە چیرۆکە کۆنەکان و هەروەها دژەبیرەوەری و سازاندنەوەی مێژوو لە خوارەوە بۆ سەرەوە و بە باس‌کردنی پەنابەری و سازاندنەوەی مێژوو، دەست ئەباتە ناو مێژوو و بەم چەشنە دژەبیرەوەری دروست دەکات. لە شی‌کردنەوەی ئەم باسەدا دەتوانین ئەم گومانە بخەینە ڕوو کە ڕۆمانی کوردی بە هۆی تایبەتمەندییەکانیەوە توانیویەتی بیرەوەریی بەرەیی لە هەمبەر بیرەوەریی گشتگیردا دروست بکات و تا ڕادەیەکیش کاری مێژوونووسی ئەنجام بدات. مێژوویێک کە لە ناو بیری خەڵکیدا بووە و ڕۆمان دەیهەوێ دروستی بکاتەوە و ڕاستییەکان لە هەمبەر گوتارە زاڵەکاندا دابنێت و بەم چەشنە، تێکیان بدات.

---

[48] تاریخ محلی.

**سەرچاوەکان**

**کوردی**

سەجادی، بەختیار (۲۰۰۹). «گێڕانەوەی نوێکارانە و پێکهاتەی هونەری لە ڕۆمانی کوردیدا: خوێندنەوەی ڕۆمانی *گرەوی بەختی هەڵاڵە*-ی عەتا نەهایی»، *رامان*، س. ۱۳، ژ. ۱٤۰، لل. ٤۲-۲۹.

عەبدوللەتیف، عەبدولمەجید گوڵی (۲۰۱۱). *بەیتی لاس و خەزاڵ*. هەولێر: ئاراس.

نەهایی، عەتا (۱۳۹۳). *گرەوی بەختی هە ڵاڵە*. بانە: چاپەمەنی مانگ، چاپی سێهەم.

نەهایی، عەتا (۱۳۹٤). *باڵندەکانی دەم با*. بانە: چاپەمەنی مانگ، چاپی سێیەم.

نەهایی، عەتا (۱۳۹٤). *گوڵی شۆڕان*. بانە: چاپەمەنی مانگ، چاپی سێیەم.

**فارسی**

اتابکی، تورج (۱۳۹۳). *تجدد آمرانه جامعه و دولت در عصر رضاشاه*. ترجمه مهدی حقیقت‌خواه، تهران: ققنوس.

احمدی، حمید (۱۳۷۹). *قومیت و قوم‌گرایی در ایران، افسانه و واقعیت*. تهران: نشر نی.

اشکرافت، بیل و همکاران (۱۳۹۵). *فرهنگ اصطلاحات پسااستعماری*. ترجمه حاجی‌علی سپهوند، تهران: پژوهش آریاتبار.

اکبری، محمدعلی (۱۳۸٤). *تبارشناسی هویت جدید ایرانی*. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.

برزویی، مجتبی (۱۳۷۸). *اوضاع سیاسی کردستان (از سال ۱۲۸۵ تا ۱۳۲۵)*. تهران: فکر نو.

جلایی‌پور، حمیدرضا (۱۳۸۵). *فراز و فرودهای جنبش کردی (۵۸ تا ٦۸)*. تهران: بی‌جا.

شولتسه، راینهارد (۱۳۸۹). *تاریخ جهان اسلام در قرن بیستم*. ترجمه ابراهیم توفیق، تهران: پژوهشکده مطالعات فرهنگی و اجتماعی.

طلوعی، وحید و خالق‌پناه، کمال (۱۳۸۷). «روایت‌شناسی و تحلیل روایت». *مجله خوانش*، شماره ۵۲، صص ٤۵-۵۱.

فلیک، اووه (۱۳۸۷). *درآمدی بر تحقیق کیفی*. ترجمه هادی جلیلی، تهران: نشر نی.

فوکو، میشل (۱۳۹۲). *دیرینه‌شناسی دانش*. ترجمه نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، تهران: نشر نی.

فوکو، میشل (۱۳۹۳). *نظم اشیاء: دیرینه‌شناسی علوم انسانی*. ترجمه یحیی امامی، تهران: پژوهشکده مطالعات فرهنگی و اجتماعی.

فوکو، میشل (۱۳۹۳). «*نیچه، تبارشناسی، تاریخ*». ترجمه نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، در *تئاتر فلسفه*، تهران: نشر نی.

لوکاچ، گئورک (۱۳۸۱). *نظریه رمان*. ترجمه حسن مرتضوی، تهران: نشر قصه.

نعمتیان، ساره و نودغانی، محسن و اصغرپور، احمدرضا (۱۳۹٤). «چیستی و چرایی روش تحلیل محتوایی روایت». *مقالات سومین کنفرانس ملی جامعه‌شناسی و علوم اجتماعی*.

نگری، آنتونیو و دیگران (۱۳۸۹). *بازگشت به آینده*. ترجمه رضا نجف‌زاده، تهران: گام نو، چاپ سوم.

هابزبام، اریک. جی (۱۳۸۳). *ملت و ملی‌گرایی*. ترجمه علی باش، انتشارات مهر دامون.

الیری، تیموتی (۱۳۹٦). *فوکو و ادبیات داستانی. کتاب تجربه*، ترجمه فرهاد اکبرزاده، تهران: نشر بان، چاپ اول.

**English**

Anderson, B. (1983). *Imagined Communities: Reflections on the Origin and the Spread of Nationalism*, London and New York: Verso.

Foucault, M. (1977). *Language, Counter-Memory, Practice: Selected Essays and Interviews*. New York: Cornell University Press. Cornell Paperbacks.

Genette, G. (1980). *Narrative discourse: An Essay in Method*. Trans. Jane E. Lewin. New York: Cornell University Press.

Gregory, D. (2004). *The Colonial Present*. Malden, MA and Oxford: Blackwell Publishing, 2004.

Hobsbawm, E. & T. Ranger. (eds). (1983). *The Invention of Tradition*. New York: Cambridge University Press.

Hobsbawm, E. (1990). *Nations and Nationalism since 1780*. Cambridge: Cambridge University Press.

Misztal, B. (2003). *Theories of Social Remembering*. Philadelphia: Open University Press.

Nora, p (1996). *Ralmes of Memory* .Vols 1_3. Trans. A. Goldhammer. NewYork.: Colombia Univ. Press.

Owen, R. (2004). *State, Power and Politics in the Making of the Modern Middle East*. London and New York: Routledge.

Polkinghorne, D. (1988). *Narrative Knowing and the Human Sciences*. New York: University of New York Press.

Vali, A. (2003). Genealogeis of kurds: Construction of nation and national Identity in Kurdish historical writing, in Vali, Abbas (ed.), *Essays on the Origins of Kurdish Nationalism*, Costa Mesa, Mazda, pp. 58-107.

wertsch. j.V. (2002). V*oices of Collective Remembering*. New York: Colombia University Press.